# ڕووماڵی کەیسی کوشتنی ژنان لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا
# توێژینەوەیەکی شیکارییە

**پ.د.ژیا عەباس قادر**
بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
zhiya.qader@univsul.edu.iq
**پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
Ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq

**پوختە:**
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لە شێوازی ڕووماڵکردنی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کەیسی کوشتنی ژنان، بۆ ئەو مەبەستە شیکردنەوە کراوە بۆ ڕووماڵی دوو دامەزراوەی دیاریی میدیایی لە هەرێمی کوردستان کە بریتین لە (Rudaw) و (NRT) بۆ کەیسی کوشتنی ئیمان سامی وەک نمونەیەک لە کەیسانەکانی کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆک ٢٠ فۆرمی ڕووماڵکردنی لە هەردوو دامەزراوەکە شیتاڵ کردووەو گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی هەردوو دامەزراوەکە هەوڵیان داوە بە دواداچوون بۆ زانیارییەکان بکەن و بە گرنگییەوە لە کەیسەکەیان ڕوانیوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کەوتونەتە چەند کەلێنێکی ئیتیکیەوە، وەک ڕۆچوونە نێو ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ژیانی تایبەتی کوژراوەکە، هەروەک لە ڕووماڵی هەندێ بابەتدا نەیانتوانیوە وردبین و بابەتی بن و پەنایان بۆ هەندێ سەرچاوەی زانیاری بردووە کە بەسەرچاوەی لاوازی ڕووماڵکردنی میدیایی بۆ کەیسەکانی تاوان و کوشتن دادەنرێت، هەروەک ئەم توێژینەوەیە پێشناز دەکات کە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، تیمێکی تایبەتی میدیاکاران دروست بکەن کە ڕاهێنرا بن لەسەر شێوازی دروستی ڕووماڵکردنی کەیسی کوشتن و تاوان و بنکۆڵکاری بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە تاوانەکە.

**Abstract**
The aim of this study is to understand media coverage of media institutions in the Kurdistan Region to the cases of murder of women, for this purpose, the coverage of two prominent media institutions in the Kurdistan Region (Rudaw) and (NRT) has been analyzed for the murder of (Iman Sami) as an example of cases of murder of women in the Kurdistan Region, the study relied on content analysis tool and analyzed 20 coverage forms from both institutions, reached the conclusion that both institutions tried to investigate the information and took their case seriously, but at the same time, they have fallen into a number of ethical gaps such as going into information relating to the personality and behavior of the victim' private life, they have not been able to be detailed and objective and have relied on some sources of information which are considered weak sources of media coverage for crime and murder cases, this research suggests that the Kurdistan Region's media institutions establish a special team of journalists who are trained on the correct way of reporting murder cases, crimes and investigations into the issues relating to the crime.

**پێشەکی:**
کەیسەکانی تایبەت بە کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا بۆتە بابەتێکی گرنگ لە نێوەندە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ و پرۆسەی حوکمڕانیدا، زۆرێک لە ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان بەگرنگیەوە تەماشای ئەو بابەتە دەکەن و



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەڵمەتی جۆراوجۆریان خستۆتەگەڕ بۆ روبەڕوبونەوەو بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە. بەگویرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی روبەڕوبونەوەی توند و تیژی دژی ژنان و خێزان، تەنها لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە هەزاروو پێنج سەد کەیسی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، لە نێویاندا ژمارەیەک کەیسی کوشتن هەبووە، دیارترینیشیان کەیسی کوشتنی ئیمان سامی ناسراو بە ماریا بوو، بەو پێیەی پێشتر وەک کارەکتەرێکی نێو سۆشیال میدیا دەرکەوتبوو، بۆیە خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ کەیسی کوشتنەکەی کراو زیاد لە بابەتێکی ئاینی و کلتووری تێکەڵ بەو کەیسە کرا، بەڵام ئەوەی بووە جێگەی سەرنج و پرسیاری لە بارەوە وروژێنرا شێوازی رووماڵکردنی کەیسی کوشتنەکەبوو لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەوپێیەی ئەو دامەزراوانە وەرگرێکی زۆریان هەیەو زیاد لەئامرازێک بەکاردێنن و پێویستە لە رووماڵی کەیسەکانی تایبەت بە تاوان و کوشتن بەوریاییەکی زۆرەوە لەسەر بنەمایەکی ورد و زانستی مامەڵە بکەن. لەم روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی بۆ رووماڵی دوو دامەزراوەی دیاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان کردووە کە بریتین لە (Rudaw) و (NRT) بۆ کەیسی کوشتنی ئیمان سامی، وەک هەنگاوێکی زانستی بەمەبەستی بەئاگابوون لە شێوازی رووماڵکردنی کەیسەکانی تایبەت بە کوشتنی ژنان و هەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمایەکی زانستی و بابەتی.

**بەشی یەکەم: ڕێبازنامە**

**کیشەی توێژینەوە:**

کوشتنی ژنان بە یەکێک لە دیارترین ئەو کێشانە دادەنرێت کە روبەڕوی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دەبێتەوە، تا ئەو کێشەیە چارەسەرو بنبڕنەکرێت ناتوانرێت کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرو بەرقەرار فەراهەم بکرێت، بۆیە شێوازی رووماڵکردنی میدیایی بۆ کەیسەکانی کوشتنی ژنان لەیەک کاتدا دەکریت هەوڵێک بێت بۆ بەگژداچونەوەی ئەو کێشەیە و بنبڕکردنی، لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەو رووماڵکردنە کێشەکانی کوشتنی ژنان زیاتر بوروژێنێت و ئاڵۆزتری بکات یاخود پاساوی بۆ بهێنێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە و سەرەڕای گەشەکردنی چەندین دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، لە نێویاندا (Rudaw) و (NRT) کە لە ئێستادا ناکرێت وەک دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی تەماشا بکرێن، بەڵکوو بونەتە دوو دامەزراوەی دیاری میدیایی و خاوەنی زیاد لە کەناڵێکی لۆکاڵی و ئاسمانی و چەندین خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتین، هەروەک لە رووی خاوەندارێتی و ستراتیجی کارکردنیانەوە و نوێنەرایەتی دوو دیدگای جیاوازی سازاندن دەکەن، بەڵام بەئاگابوون لەو شێوازی رووماڵکردنەیان بۆ کەیسەکانی کوشتنی ژنان، جۆرێک لە تەمومژاوی پێوەدیارەو نازانرێت تاچ رادەیەک و لە چ بوارێکدا سەرکەوتوو بوون، بەتایبەت لە سەروو بەندی رووماڵی کەیسی کوشتنی ئیمان سامی کە بووە جێگەی گرنگی زۆرێک لە رووماڵی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە کیشەی ئەم توێژینەوەیە ئەو نارۆشنییەیە کەلەکاتی رووماڵکردنی ئەو کەیسەدا لەلایەن ئەو دوو دامەزراوەیەوە بوونیان هەیە و پێویستیان بەوەیە ڕۆشناییان بخرێتە سەر، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم چەند پرسیارە دەخرێتە روو کە گوزارشتن لە کرۆکی کێشەی ئەم توێژینەوەیە:

١- ئایا دیارترین ئەو فۆرمانە چین کە لەکاتی رووماڵکردنی کەیسەکەدا هەردوو دامەزراوەکە پەنایان بۆ بردووە؟

٢- ئایا بە چ ئاراستەیەک ئەو دوو دامەزراوە میدیاییە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کەیسەدا کردووە؟

٣- ئایا ئەو سەرچاوانەی زانیاری کامانەن کە هەردوو دامەزراوەکە لەکاتی رووماڵکردنی کەیسەکەدا پشتیان پێ بەستووە؟

**گرنگی توێژینەوە:**

١- گرنگی زانستی: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانستیی بەتایبەت لە نیوەندە ئەکادیمییەکاندا بەو پێیەی بوارەکانی تایبەت بە میدیا و توندوتیژی دژ بەژنان ئاوڕی زۆری لێ نەدراوەتەوەو پێویستی بە هەوڵی زیاترە.

٢- گرنگی پراکتیکی: دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکان سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، لەوانە میدیاکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو کەلێنانەی لە سەروبەندی رووماڵکردنی کەیسەکانی کوشتنی ژنان روبەڕویان دەبێتەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕونییە بۆ ڕێکخراو حکومی و ناحکومییەکان و ناوەندە فەرمییەکانی تایبەت بە گژداچونەوەی نەهێشتنی توندو تیژی دژ بە ژنان، کە لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانن ستراتیجێک دابرێژن بۆ هۆشیارکردنەوەی میدیاکاران تا لە کاتی رووماڵکرنی کەیسی کوشتنی ژناندا بەجۆرێک مامەڵە بکەن کەلەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت و رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بە جێ بهێڵێت.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١ - زانینی فۆرم و تیشکۆسازی لە رووماڵکردنی کەیسی کوشتنەکە لەلایەن هەردوو دامەزراوەی (Rudaw) و (NRT).

٢ - بەئاگابوون لە شێوازی مامەڵەکردن لە بڵاوکردنەوەی وێنەو ناوی کوژراو لەهەردوو دامەزراوەی (Rudaw) و (NRT).

٣ - دەرخستنی ئاراستەی سازاندنی رووماڵی کەیسی کوشتنەکە لەلایەن هەردوو دامەزراوەکەوە.

٤ - دیاریکردنی جۆری ئەو سەرچاوانەی زانیاری کە هەردوو دامەزراوە میدیاییەکە لە کاتی رووماڵکردنی کەیسی کوشتنەکەدا پەنایان بۆ بردووە.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، پشتی بەستووە بە شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی رووماڵی هەردوو دامەزراوەی (**Rudaw**) و (**NRT**) بۆ کەیسی کوشتنی ئیمان سامی و لێکەوتەکانی.

**کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێک دێت لە تەواوی ئەو رووماڵانەی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کەیسی کوشتنی ئیمان سامی کردوویانە، وەک سامپڵیش، توێژینەوەکە پەنای بردۆتە بەر سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار لە رووماڵی هەردوو دامەزراوەی (Rudaw) و (NRT) بۆ کەیسەکە کە لەنیو تۆڕی ئینتەرنێتدا پەخشکراوە، لەرێگەی بەکارهێنانی بزوێنەری گەڕان بەنیو تەواوی کەناڵ و خزمەتگوزارییەکانی هەردوو دامەزراوەکە، ٢٠ فۆڕمی رووماڵکردن بەر دەست کەوت لە هەواڵ و راپۆرت و چاوپێکەوتن و کۆنفرانسی رۆژنامەوانی.

**بوارەکانی توێژینەوەکە**

**١- بواری کات:** کاتی رووماڵکردنی کەیسی کوشتنەکە لە رۆژی کوشتنەکەی تا رۆژی دادگایی کردنی تاوانباری کوشتنەکە واتە لە نێوان ٦-٣-٢٠٢٢ تا ٢٠-٩-٢٠٢٢ دەگرێتەوە.

**٢- بواری شوێن:** شوێنی رووماڵکردنی کەیسەکە شاری هەولێرە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**٣- بواری بابەت:** ئەو فۆرم و ژانرانەی رووماڵکردن کە وەک سامپڵ وەرگیراون لە هەواڵ و راپۆرت و چاوپێکەوتن و کۆنفرانسی رۆژنامەوانی کە تایبەت بوون بە وردەکارییەکانی کەیسی کوشتنەکە.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

**- توێژینەوەی (العتال، ٢٠١٥): ئە**م توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی شێوازی رووماڵکردنی دووان لە رۆژنامەکانی ئوردون بۆ ئەو تاوانە جۆراوجۆرانەی دژ بە ژنانی ئوردون ئەنجامدراون، بۆ ئەو مەبەستە هەردوو رۆژنامەی (الغد و الرأي) وەرگیراون، بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفی روپێوی و ئامرازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە بەگشتی رووماڵەکانیان لاواز بوون و زیاتر لەلاپەڕەکانی ناوەوە نوسراوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بە پێی پێویست بایەخ بەم جۆرە تاوانانە نەدراوە لەو دوو رۆژنامەیەدا، سەبارەت بە شوناسی تاوانبار ئەوەی باسکراوە لەم دوو رۆژنامەیە ئەوەیە یان کەسەکە نەناسراو بووە یان ئاماژە کراوە بەناوەکەی و سەبارەت بە شوناسی قوربانی لە (٩٠٪)ی رووماڵەکانی (الغد) ناوی قوربانی نەبراوە لە (الرأي) (١٠٠٪) ناوی قوربانی نەبراوە، بەکوژەکانیش زیاتر باوک و مێرد بوون.

**- توێژینەوەی (کباجة، ٢٠١٦):** ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی ئاستی مەترسی تاوانی کوشتنی ژنان و بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆی، بەوپێیەی تاوانێکە هەڕەشەیە بۆ ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە، لەڕووی میتۆدۆلۆجی توێژینەوەیەکی یاسایی بەراوردکاریە، کە تیایدا توێژەر بەراوردکاری کردووە لە نێوان یاسای سزادانی فەلەستینی و یاسای سزادانی میسر و ئوردون، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە کوشتن بەبیانوی شەرەف جۆرێکە لە تاوانی کوشتنی مەبەستداری سادە و پێویستە تاوانبار بەوجۆرە تاوانە سزا بدرێت، سزای تاوانەکان لە یاسا دانراوەکان دەگۆڕێت بەڵام لە شەریعەتدا چەسپاوە و نەگۆڕە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە پێیوایە کە بەمەبەستی نەهێشتنی هەر تاوانێک دەبێت هۆکارەکانی بنەبڕ بکرێت، بەتایبەت جەختی لە هۆکارەکانی کوشتن بەبیانوی شەرەف کردۆتەوە کە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا باوەو بوونی پەردەپۆشێکی یاسایی و قەزایی و کۆمەڵایەتی بۆ تاوانبار وادەکات ئەم تاوانە زیاد بکات.

**- توێژینەوەی (الازرق، 2018):** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە چاودێریکردن و بە ئاگابوونە لە ئاراستەکانی جەماوەری میسر بەرامبەر بەرووماڵکردنی کەیسەکانی تاوان لە رۆژنامەکانی میسرداو خستنە رووی ئەو کێشانەی لە بەرەنجامی ئەو رووماڵکردنانە دروست بوون و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی دروستکردووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، توێژینەوەکە پەنای بردووە بۆ فۆڕمی ڕاپرسی و گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە کۆمەڵێک کەم وکورتی لە رووماڵکردنی کەیسەکانی تاوان لەلایەن رۆژنامە میسرییەکانەوە بەدی دەکرێت بە تایبەت لە چوونە نێو ژیانی تایبەتی و نەبوونی وردبینی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشەکاری پەیوەست بەتاوانەکان، توێژینەوەکە چەند راسپاردەیەکی خستۆتە روو لەوانە پێویستی وردبوونەوە لە راستی و دروستی هەواڵەکان بەر لە بڵاوکردنەوەی و خۆ بەدوور گرتن لە زیادەڕۆیی و وروژاندن.

**- توێژینەوەی (Arash , Teymoori, Trappes, 2021) :** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی ئاستی تایبەتمەندێتی تاوانی کوشتنی ژنان و هۆکارەکانی دروست بونی بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ نەهێشتنی، ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوەدەکات کە کوشتنی ژنان بە تایبەت بەپاساوی شەرەف دیاردەیەکی جیهانیە و لە تەواوی کۆمەڵگەکان

بونی هەیە وهۆکاری سەرەکی ڕودانی دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەری ئاین و سێکس بەوپێیەی لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەی ئەم تاوانە رودەدات بیروباوەڕی ئاینی پاڵنەرێکی سەرەکی رودانیەتی یان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارە سێکسی و کۆمەڵایەتیەکانی ژنان ئەم تاوانە ئەنجام دەدرێت، جگە لەوەی ئەم توێژینەوەیە لە تێروانینێکی فیمینیزمی دۆرکایمی شیکاری و ڕاڤەی خۆی بۆ ئەم تاوانە کردووە، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەوەیە کە کوشتنی ژنان ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و بەندکردنی ژنان پیادەدەکرێت و لەگەڵ هەموو هەوڵەکان بۆ روبەڕوبونەوەی هێشتا دیاردەیەکە لە تەواوی کۆمەڵگەکان بونی هەیە، بەتایبەت لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان هەروەک توێژینەوەکە ئەوەشی خستوتە روو کە ئەم دیاردەیە زیاتر لەو کۆمەڵگەیانە ڕودەدات کە دەسەڵات توانای چاودێری کردنی تاکەکان لەدەست دەدات و توانای دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی نامێنێت.

- **توێژینەوەی (Jeyasanthi, Mayeleswari, Abirami ,2014) :** ئەم توێژینەوەیە رۆشنایی خستۆتە سەر کوشتنی ژنان لە هیندستان و پێی وایە ئەگەرچی سەدەی ٢١ سەدەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە، بەڵام کوشتنی ژنان بەبیانوی شەرەف یەکێکە لە قەیرانە گەورەکانی سەردەم و کێشەیەکی جیهانیە لەتەواوی کۆمەڵگەکان بونی هەیە، ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ تیشک خستنە سەر ئەو کێشانەی پەیوەندیدارە بەم تاوانە و دەرخستنی تێروانینی خەڵک لەم بارەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆی و بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکان توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەستووە و یەکەیەکی (٤٠) کەسی بە شێوەیەکی هەرەمی وەک نموونەی توێژینەوە بەکاریهێناوە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زۆربەی لێتوێژەران خۆشحاڵبون بەو هەڵمەتانەی هۆشیاری لە هندستان خراوەتە گەڕ بۆ روبەڕوبونەوەی کوشتنی ژنان بە پاساوی شەرەف و هەموو ئەو بڕیارانەی دراوە لەبارەی روبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگە تازە گەشەسەندوەکاندا، توێژینەوەکە وەک ڕاسپاردە جەختت لەسەر گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەکاتەوە لە قۆناغی منداڵیەوە لە چەسپاندنی ڕۆحیەتی ڕیز گرتن لە ژن و بەهای ژیان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە روبەڕوبونەوی ئەم نەخۆشیە کۆمەڵایەتیە.

**سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

بەشێک لەو سوودانەی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراون بریتین لە زانیین و ئاشنابوون بە هەندێک لەو چەمکانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکەڵکن، بەتایبەت دارشتنی بەشە تیۆرییەکەی و پلان دانان بۆ دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکانی لایەنی شیکاری، لەم ڕوانگەیەوە لێکچوەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە وردبونەوە لە بابەتی (کوشتنی ژنان)، ئەگەرچی هەریەکەو لە گۆشە نیگای جیاواز تاوتوێیان کردووە، بەڵام توانراوە بکرێتە نەخشەی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە بەتایبەت توێژینەوەکەی (العتال، ٢٠١٥) لەڕووی شیکاری ناوەڕۆکەوە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە، هەروەها توێژینەوەی (الازرق، 2018) ئەگەرچی توێژینەوەیەکی راپێویی بوو بەڵام سودی لێوەرگیرا لە دیاریکردنی بنەما دروستەکانی رووماڵی میدیایی لە کەیسەکانی تاوان و کوشتندا.

ئەگەرچی خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیەش لەگەڵ توێژینەوە هاوشێوەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە هەریەکە و لە کۆمەڵگەیەکی جیاواز ئەنجامدراون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە جیاوازن و تەنانەت جۆری توێژینەوەکان لەڕوی میتۆدۆلۆجی و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان جیاوازن، بەڵام هۆکارەکانی کوشتنی ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا کە توێژینەوەکانی پێشوو ڕۆشناییان خستوتە سەر هاوشێوەن و پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەشیان چوون یەکن.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە

### ناساندنی چەمکەکان:

یەکەم/ توندوتیژی جەستەیی دژ بە ژنان:

مەبەست لێی زەرەر و زیانگەیاندنی جەستەییە بە کەسی بەرامبەر لە ڕێگەی دروستکردنی ئێش و ئازار و کۆژان بۆی (الداود،٢٠٠١ : ٢٣)، یان دەوترێت بەکارهێنانی هێزی جەستەیە بەشێوەیەکی مەبەستدار بەرامبەر کەسانی دی بەمەبەستی ئازار پێگەیاندنیان (الرشیدي، ٢٠١١ :٣٣)، هەروەها دەوترێت شێوازێکی توندوتیژیەکانە لەلایەن پیاوان بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت لە جۆرەکانی (لێدان – پاڵپێوەنان...هتد)، شوێنەوارەکانی بەڕونی لەسەر جەستەی ژنەکە دەردەکەوێت هەندێک جار ئەم شوێنەوارانە درێژخایەنە بەجۆرێک ئەو ژنە چیدی لەیادی ناکات و بەردەوام ئازاری دەرون و هەستەکانی دەدات

لەهەندێک حاڵەت دەگاتە ئاستی کەمئەندام بوونی ئەو ژنە تا کوشتنیشی (الحسن، ٢٠٠٨ : ١٦١)، لەلایەکی دیکە پێناسە دەکرێت بەوەی ئازارگەیاندنێکە بەبەرامبەر جا بە بەکارهێنانی دەســــتی بێت یان هەر ئامرازێکی دیکەی بەردەســـــت و دەبێتە هۆی شینبونەوە، شکاوی، ڕوشاوی و سوتان و برینداری هەندێکجار لەدەستدرێژی دەستپێدەکات تا دەگاتە ئاستی خنکاندن یان کوشتن ( أبو نصــــر، ٢٠٠٩: ١٠١)، یان بریتیە لەبەکارهێنانی هێزی جەســـــتە بەمەبەســـــتی ئازارگەیاندن بە کەســــی بەرامبەر یان ناچارکردنی بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو کە نایەوێت بیکات (عباس، ٢٠١١: ١٢٤).

لەکۆی گشـــتی پێناســــەکان دەردەکەوێت توندوتیژی جەســــتەیی جۆرێکی توندوتیژیە بەرامبەر بە ژنان دەکرێت تیایدا پیاو ئەندامەکانی جەســــتەی یان هەر کەلوپەلێکی دیکە بەکاردێنێت بۆ ئازاردان و ئەشـــکەنجەدانی ژن و بەمەش شـــوێنەواری قوڵی درێژخایەن یان کورتخایەن لەسەر جەستە و لاشەی ئەو ژنە بەجێدەهێڵێت.

پێناسەی ڕێکاری بۆ توندوتیژی جەستەیی لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە مەترسیدارترین جۆری توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر بە ژن ئەنجامدەدرێت جا بەهەر پاساوێک بێت ئەویش کوشتنی ژنانە بە بیانوی شەرەفپارێزی.

دووەم/ کوشتن بە بیانوی شەرەف:

پێناســـەدەکرێت بەوەی جۆرێکی توندوتیژییە یان تاوانێکە پیاو لەبەرامبەر بە ژن ئەنجامی دەدات ئەویش بە کوشـتنی ژنێکی نێو خێزانەکە بە پاساوی بوونی پەیوەندیەکی سێکسی لە نێوان ئەو ژنە لەگەڵ پیاوێکی دی کە بە پێێ بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتیە باوەکان حەرام و ناشــــەرعیە یان لەئەنجامی گومان لە بونی ئەم پەیوەندیە (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٢٧)، یان کەڵەکەبوونی داب و نەریتە بۆماوەییەکان و لەهەمان کاتدا وەڵامدانەوە بۆ فشــــارەکانی منی نێرینەی باڵادەســــت کەلەم ڕێگەیەوە هەوڵدەدات بۆ پارێزگاری لە باڵادەســـتیەکەی لە چوارچێوەی ململانێکانی لەگەڵ بەرامبەر و پارێزگاریکردن لەو زاڵبونەی بەدەســـتی هێناوە لەڕێگەی ئەنجامدانی توندوتیژی خوێناوی بۆ ملکەچپێکردنی ژنان (عبدالرزاق، ٢٠١٠: ٣٩٥)، هەروەها پێناسـەدەکرێت بەوەی کوشتنی ژنێکە بەدەستی یەکێک لەکەسە نزیکەکانی کە پیاوە بەهۆی ئەنجامدانی زینا یان گومان لەکردنی یان بەهۆی باوەڕبوون بەوەی ئەو ژنە ڕێگەیەکی هەڵەی گرتەبەر (القرالة، ٢٠١٥: ١)، لەلایەکی دیکە پێناســە دەکرێت بەوەی تاوانێکە ئەنجامدەدرێت بەمەبەســـتی پارێزگاریکردن لە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان و بارگاوییە بە ســـۆزێکی دەروونی کە دەبێتە هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە لەژێر کاریگەری بۆچونێک لای تاوانبار (کباجة،٢٠١٦: ٧٨)، لە پێناسـەیەکی دیکەدا ئاماژەی پێدەکرێت بەوەی هەر کردەوەیەکی ئەنجامدراوە یان هەڕەشە ئامێزە توندوتیژی و پێشێلکاریە لەدژی ژنان دەکرێت لەلایەن نێرینەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگا لە پێناو بەرگریکردن لە شەرەفیان (بەگیخانی، ٢٠١١: ٢٤١).

لێرەوە پێناسـەی تیۆری بۆ چەمکی کوشتن بە بیانوی شـەرەف بریتیە لە تاوانێک بەرامبەر بە ژن دەکرێت لەژێر کاریگەری کلتوری نێرسالاری بە پاساوی پارێزگاری لەشەرەف و ناموسی خێزان و بنەماڵە.

پێناســـەی ڕێکاری بۆ ئەم چەمکە ئەو تاوانی کوشـــتنانەی ژنانە کەلە هەرێمی کوردســـتان ڕویداوە لەماوەی یەک ســـاڵدا و چۆنیەتی ڕوماڵکردنیان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا.

**مێژوی سەرهەڵدانی کوشتنی ژنان:**

بەگشتی کوشتنی بە ئەنقەست تاوانێکە دژ بە مرۆڤ دەکرێت کاتێک کەسێک ماف بە خۆی دەدات کۆتای بە ژیانی کەسێکی دیکە دەهێنێت جا لە ژێر هەر پاسـاوێکدا بێت، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مەترسیدارە کەلەکۆی گشتی کۆمەڵگاکان بە پێشـکەوتوو و دواکەوتووەکان بوونی هەیە و تاوانێکە هاوتەمەنە لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی وەک لە کتێبی پیرۆزی ئیســـلامدا هاتووە یەکەم تاوانی کوشتن بەرامبەر بە مرۆڤ کوشتنی هابیلی کوڕی ئادەم بە دەستی قابیلی برای بووە، سەبارەت بە کوشتنی ژنان ســـەرەتای دەرکەوتنی پەیوەندی هەیە بە ســــەرهەڵدانی کلتوری نێرســـالاری کاتێک ژنان دەبنە شـــیرەفی پیاوانی خێزان و بنەماڵە و لەپێناو پارێزگاری کردن لەو شـەرەفە و ڕێگری کردن لەلەکەداربونی ژنان بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشـکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن، ئەم کوشتنەش مەرج نیە بە پاساوی بەدڕەوشتی و زینا بێت جۆری زۆرە لەوانە لەباربردنی منداڵی کچ پێش لەدایک بوونی تەنها لەبەر ئەوەی کچە و دەبێتە بارگرانی بەســـەر خێزانەکەی و ڕەنگە لەداهاتودا ببێتە لەکەدارکردنی شـــەرەفی خێزان بۆیە لەناودەبرێت پێش لەدایک بونی، یان دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچان کەلەسـەردەمی جاهلیدا هەبووە لە پێش هاتنی ئیسـلام کاتێک کچان لەتەمەنی منداڵی و زۆرجار لەگەڵ لەدایکبوندا بە زیندویەتی لەچاڵدەنران و دەنێژران ئەمەش دوبارە تەنها تاوانیان ئەوەبوو کە بە کچی لەدایک دەبون ئەم دیاردەیەش بەردەوام بوو هەتا هاتنی ئاینی ئیســــلام کە قەدەغەی کرد، بەڵام ئەمە مانای کۆتایی هاتن نەبوو بە کوشتنی ژنان بەڵکو هەتا ئێستاش هەربەردەوامە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بونی هەیە ئەگەر چی پاساوەکان و هۆکارەکان جیاوازن بەڵام خاڵی هاوبەش لەهەموو ئەم تاوانانە تەنها ژن بونیانە لەنێو باوەشــــی کلتورێکی نێرســـــالاری و خێڵەکی.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە زۆرجار کوشتنی ژنان بە یاسا پشتگیری لێکراوە یان چاوپۆشی لەم تاوانە دەکرێت ئەمەش وادەکات تاوانەکە بەردەوام بێت، بۆ نمونە لە ماددەی (٢٩) ی (یاسای ئەشنونا) هاتووە (ئەگەر ژن گیرا لە باوەشی پیاوێکی تردا دەبێت ئەو ژنە بمرێت) بەڵام دەستنیشان نەکراوە کێ مافی کۆتای هێنانی بەژیانی ئەو ژنە ناپاکە هەیە، لە ماددەی (١٢٩) ی یاسای (حامورابی) دا هاتووە (ئەگەر ژنی پیاوێک گیرا لەگەڵ یەکێکی دیکەدا و خەریکی ئیشی ناڕەوابون دەبێت هەردوکیان ببەسترێن بەیەکەوە و بخرێنە نێو جۆگەیەک بۆی بمرن و ئەگەر مێرد لە ژنەکە خۆش بوو پاشا لە پیاوەکە خۆش دەبێت)، لەیاسای (فیرعەون)ەکاندا هاتووە کە مێرد بۆی هەیە ژنەکەی بسوتێنێ و تەرمەکەی فڕێ بداتە ڕوباری نیلەوە و لەیاسای چینیدا هاتووە ڕێگە دراوە بە مێرد کۆتای بەژیانی ژنەکەی بهێنێت لەحاڵەتی گرتنی بە زیناوە، لەیاسای کۆنی ڕۆمانیشدا بەهەمان شێوەیە بەمەرجێک مێردەکە کوشتنەکە لەحاڵەتی هەڵچون و توڕەییەکەدا ئەنجام بدات (مەرزانی،٢٠٠٩ :٢٢٤- ٢٢٧)، ئەگەرچی لە ئێستاشدا لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموارکراودا و مادەکانی ژمارە (٤٠٩-٣٧٧ ــ ١٢٨ ــ ١٣٠ ــ ١٣٢) کە تایبەتن بە شتنەوەی ناموس لە حاڵەتەکانی (زینا و هاوڕەگەزخوازی) باس لە سوککردنی سزا دەکات لەسەر تاوانباری ئەم تاوانانە، بەڵام بە پێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستانی عێراق یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٥) دەرکرد کە تیایدا هاتووە کار بەیاسای ژمارە (٤٠٩) ی عێراقی ناکرێت ئەمەش هەنگاوێکی باشە کە لەهەرێمی کوردستان دراوە بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکانی کوشتن بە بیانوی شەرەفپارێزی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تاوانە هەر بەردەوامە و بگرە لەزیادبونیشدایە (سیوەیلی،٢٠٢١ :٧٧-٨٢).

بەڵام وکو چەمک کوشتنی ژنان بۆیەکەمجار لەساڵی (١٨٠١) لە کتێبێکدا هات لە ئینگلتەرا کە باسی لە کوشتنی ژنێک دەکرد دەرئەنجامی لاقەکردنی بەڵام لەوێدا وەک توندوتیژی بەرامبەر بەژنان ئاماژەی پێنەکراوە دواتر ئەم وشەیە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبویەوە کە زۆرێک لە توێژەکان بەکاریان دەهێنا بۆ وەسفکردنی ئەم جۆرە کەیسانە، بەڵام دواجار لەساڵی (١٨٤٨) ەوە لە بەریتانیا کوشتنی ژنان وەک تاوان تەماشا دەکرا و سزای یاسای بۆ دانرا لە بەریتانیا، پاشان لە (١٩٩٠) ئەم چەمکە جارێکیدیکە لەسەر دەستی مامۆستای دیراساتی کلتوری ئەمریکی (جانی کابوتی) و نوسەری ئەفریقی (دیانا راسیل) لەگەل نوسەر (جیل رادفورد) لە کتێبەکەیان بە ناونیشانی (سیاسەتی ژن کوشتن) بەکاریان هێنا، (دیانا راسیل) وەک توندترین جۆری توندوتیژیەکان بەرامبەر بە ژنان لەسەر دەستی پیاو وەسفی دەکات کە دەرئەنجامی بوونی ڕق و کینەیەکی زۆر لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی پیادەدەکرێت (ویکیپیدیا).

**هۆکارەکانی کوشتنی ژنان :**

کوشتنی ژنان وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک هۆکاری هەیە لەوانە:

یەکەم/ کلتور : یەکێک لە پێناسە گرنگەکان بۆ کلتور (جاڕنامەی مەکسیکۆ ١٩٨٢) کە دەڵێت تەواوی ئەو تایبەتمەندیە ڕۆحی و مادی و سۆزداریانەیە کە خودی کۆمەڵگەیەک یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە کە هونەر و وێژە و شێوازەکانی ژیانکردن دەگرێتەوە هەروەک چۆن مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و سیستەمی بەهاکان و بیروباوەڕ و نەریتەکان دەگرێتەوە (ئەلحەیدەری،٢٠١٨ :١١١)، کەواتە کلتور هەموو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە و نەوە لەدوای نەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تاک و دەبێتە شوناسی ئەو کۆمەڵە کەسە کە هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی ئەو کلتورەن و دواجار بە ئاسانی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و سیماکانی کەسێتیان ڕەنگدانەوەی دەبێت، سەبارەت بە کلتوری نێرسالاری (کۆنێل) پێناسەی دەکات بەوەی : تێکەڵەیەکە لە پیادەکردنی (ممارسات) سێکسوالێتی کەڕەنگدانەوەی قبوڵکردن و شەرعیەتدانە بە دەسڵاتدارێتی بەتریارکی (باوکسالاری) کە بەرجەستە دەبێت لە باڵادەست بونی پیاو و پاشکۆیەتی ژن (السید،٢٠٢٠ :٣٢٥)، لەم جۆرە کلتورەدا بەردەوام ژنان زوڵم و زۆردار و جیاکاریان بەرامبەر دەکرێت و سەرکوتدەکرێن ژن بونیان دەبێتە چەکێک بەرامبەریان بەکاردێت و ئەمەش وادەکات هەر لەمنداڵیەوە هەستی خۆبەکەم زانین لە ناخیان دروست دەبێت و ئەو شێوازی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتەی بەرامبەریان دەکرێت وەک کەسی پلە دوو و پاشکۆ وورده وورده دەگوێزرێتەوە بۆ نێو خودی خۆیان و دواجار ئەوانیش (واتە ژنان) بەهەمان شێوە کردار و گوتار دەکەن و دەبنە کۆیلەیەک کە هەرگیز ووشەی (نا) بەکارناهێنن لەبەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوو ناشایستەیەی بەرامبەریان دەکرێت، لەوانە بێدەنگدەبن لەبەرامبەر کردنیان بە دۆڵابێک بۆ پاراستنی شەرەف و ناموس و پیاوەتی پیاوەکان و ئەم بێدەنگبونەشیان دەیان گەیەنێتە پەتی سێدارە و کوشتنیان بەدەستی باوک و برا و مێردەکانیان کە پێویستە پارێزەر و پاڵپشت و پەنایان بن.

زۆرێک لە توێژینەوەکان ئەوەدەسەلمێنن کە پیاوان لە ژنان توندوتیژترن ئەمەش بەهۆی فاکتەری بایلۆژی نا بەڵکو فاکتەری کۆمەڵایەتی و کلتوری وادەکات پیاوان توندوتیژتربن ئەگەرچی سۆسیۆلۆجیستی ئەڵمانی (کریستینا شیمیرڵ) (ئەلحەیدەری، ٢٠١٨ : ١٣٦) پێی وایە کە ناکرێت بەئاسانی جیاوازی نێر و مێ لەم ڕوەوە دیاری بکرێت ئەو پێی وایە کە ژنانیش وەک پیاوان توندوتیژن و توانای پراکتیزەکردنی ئەو توندوتیژیەیان هەیە، بەڵام شێوازی دەربڕینەکەیان جیاواز دەبێت و دەبێتە

ناڕاستەوخۆ، ئەمە مانای ئەوەیە کە ژنانیش دەکرێت وەک پیاوان توندوتیژ بن، بەڵام ئەوە کلتورە بوار دەرەخسێنێت بۆ کوران بۆی هەست شەرانگێزیەکەیان وەربگێرن بۆ کردەی توندوتیژ، بەتایبەت کاتێک بابەتی شەرەفی پیاو دەلکێندرێت بە ژنان ئەو کات کلتور بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕێگا والا دەکات بۆ پیاوانی بنەماڵە کە هەموو جۆرە توندوتیژی و ئەشکەنجە و کوشتنێک بکەن بەرامبەر بە مێینەکان و نەک هەرئەوەندە بەڵکو پەردەپۆش دەکرێت و تاوانبار دەشاردرێتەوە چونکە لەم جۆرە تاوانە بە کلتورکراوە تاوانبار و قوربانی کەسی نزیک و پلەیەکی یەکترن نەک بێگانە.

بەوپێیەی هەر گروپ و کۆمەڵە و ناوچەیەک و تەنانەت شار و گوند خاوەن کلتورێکی تایبەت بەخۆیانن ئەمەش وادەکات بەپێی بۆچونی زانایانی تاوانناسی (نجم،٢٠٠٢ :٥١) تەنانەت تاوانەکانیش بەگوێرەی کلتورەکان دەگۆڕێت بۆ نمونە ئەو تاوانانەی لە شاردا دەکرێت جیاوازە لەوەی لەلادێدا دەکرێت سەبارەت بە کوشتنی ژنانیش بە پاساوی شەرەفپارێزی ڕەنگە زیاتر لە گوندەکانا بێت بەوپێیەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ژمارەیان کەمە و کەوادەکات کۆمەڵگەیەکی داخراوو و پێکەوە بەستراون و زیاتر لە خەڵکی شار بە زەبری هێزی کلتور و دابونەریت ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان کۆنترۆڵدەکرێت، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵگەی گوندنشین زیاتر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە و زیاتر وابەستەی شەرەفپارێزین بۆیە هەر ڕەفتارێک کە دژە باو بێت و پێچەوانەی وێنە قبوڵکراوەکە بێت کە بۆ ژنان دانراوە دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز کە هیچ گومانێک لەخۆ ناگرێت تا (باوک – برا – مێرد- تەنانەت خاڵ و مام و ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا) دەستبخەنە خوێنی پاکی کچ و ژنانی بنەماڵە و بۆ شتنەوەی ناموسیان کۆتایی بە ژیانی دەهێنن بۆئەوەی بتوانن دواجار بەسەربەرزی بگەڕێن بە نێو گوندەکەیاندا، کاتێک دێینە نێو شارەکان دەبینین کە شێوازی ژیان کردن و کلتور و تەنانەت تاوانەکانیش جیاوازە، خەڵکی شارەکان بەهۆی گەورەیی شار و زۆری و چڕی ژمارەی دانیشتوانی و سەرقاڵیان بە کارو کەسابەتیان و کاڵوکرچی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تاکگەرایی و بونی یاسا کە وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی فەرمی لێپێچینەوە لەگەڵ تاوانبار دەکات و سزای بۆ دادەنێت ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی کوشتنی ژنان بە بیانوی شەرەفپارێزی کەمتر بێت بە بەراورد بە ناوچە گوندنشینەکان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لێرە و لەوێ لە هەواڵەکان گوێ بیستی ئەوە دەبین کە کچێک یان ژنێک بەدەستی کەسە نزیکەکانی کوژرا لەنێو شارە گەورەکان ڕەنگە لێرەدا زیاتر قوربانی لەو خێزانانەبن کە لە گوندەکان هاتونەتە نێو شارەکان یان ئەو کچە گەنجانەبن کە بۆ خوێندن یان کارکردن دێنە نێو شارەکان ئالێرەدا ئەم کچ و ژنانە و تەنانەت خێزانانەش توشی بەریەککەوتنی دوو کلتوری زۆر دژ بەیەک دەبن کلتورێکی کراوەی شار و کلتورێکی داخراوی گوندەکەی کە هێشتا پێوەی لکاوە و ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات و ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی کۆتایی هاتن بە ژیانی لەسەر دەستی کەسە پلە یەکەکانی.

دووەم/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

(هیری جۆنسۆن) پێناسەی دەکات بەوەی پرۆسەی فێربونی کۆمەڵایەتیە کە یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی فێری چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕۆڵەکانی بێت لەنێو کۆمەڵگا و چۆنیەتی کارلێک کردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چواردەوری فێردەبێت بەوجۆرەی کۆمەڵگا دەیخوازێت و دەیەوێت، لەلایەکی دیکە (دوسن) پێناسەی دەکات بەوەی پرۆسەیەکە کە مرۆڤ فێری خۆگونجاندن دەکات لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی و فێری ئەو ڕەفتارانەی دەکات کە لەنێو ئەو گروپە پەسەندکراوە (الحسن، ٢٠٠١ :٩٨)

لێرەوە دەردەکەوێت کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە لەیەکەمین ساتەکانی لەدایک بونی مرۆڤ دەست پێدەکات و هەتا کۆتایی ژیانی بەردەوام دەبێت و ئەم پرۆسەیە کاردەکات بۆ گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەهەموو پێکهاتەکانی بۆ نێو خودی تاک و نەوە لەدوای نەوە دەگوێزرێتەوە و دەبێتە هۆکارێک بۆ مانەوەی ئەوکلتورە و چەسپاندنی لەناخی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، بێگومان ئەم پرۆسەی گواستنەوەیەی کلتور لە ڕێگەی کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەبێت کە پێک دێن لە (خێزان – خوێندنگا – گروپی هاوڕێ - ڕاگەیاندن – ئاین...هتد)، بەوپێیەی کە وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کلتور بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ توندوتیژی و کوشتنی ژنان کەواتە ئەم پرۆسەیە پشکی شێری بەر دەکەوێت لە زیادکردن و هێشتنەوەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگەدا.

بەمپێیە ئەرکی سەرەکی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە نێر و مێ فێری ڕەفتار و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیان کردن و ڕۆڵ و ئەرک و ماف و بەرپرسیارێتی و ڕێگەپێدراوو قەدەغەکراوەکان دەکات واتە هەموو ئەوەی دەگونجێت لەگەڵ ئەو ڕەگەزە بایلۆجیەی پێی لەدایکبووە کەلەنێو کلتور بۆی دەستنیشانکراوە و ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆرێک لە زانایانی قوتابخانەی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوەدەکەن کەتەنانەت ڕەفتاری تاوانکاریش مرۆڤ لەڕێگەی ئەم پرۆسەیە فێری دەبێت بۆ نمونە (غابرێل تارد) پێی وایە کە تاوان ڕەفتارێکی وەرگیراوی کۆمەڵایەتیە کە مرۆڤ لەڕێگەی لاسای کردنەوە فێری دەبێت وە پێی وایە کە تاوان بەگشتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و مرۆڤ دەرئەنجامی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی فێری دەبێت، تەنانەت (انریکو فیری) کە

بیرمەندێکی ئیتالیە هاوڕایە لەگەڵ (تارد) و پێی وایە مرۆڤ فێری ڕەفتاری تاوانکاری دەبێت لەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تیایدا دەژی، تەنانەت (سازرلاند) یش هەمان ڕای هەیە وپێی وایە ڕەفتاری تاوانکاری ڕەفتارێکی وەرگیراوە و مرۆڤ لەڕێگەی ئەو چواردەورەی تێیدا ژیان دەکات فێری دەبێت و هەتا زیاتر تێکەڵاویی و نزیکیان هەبێت خێراتر ئەو ڕەفتارە وەردەگرێت و زیاتریش فێری دەبێت کاتێک ڕاهێنانی لەسەر دەکات (طالب، ١٩٩٧:٥٧-٧٣).

کەواتە بەپێی بۆچونی ئەم زانایانە و زۆرێکی دی تاوانبار بە گشتی دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە و دەرئەنجامی ژیانی تاک لە نێو گروپ و کۆمەڵەکان فێریدەکرێت، هەرچی سەبارەت بە کوشتنی ژنانیش هەیە بەتەواوەتی لەگەڵ ئەم بۆچونە یەکە بەوپێیەی کاتێک کوڕێک هەرلەمنداڵیەوە خێزانەکەی و دواتریش کۆمەڵگا فێری دەکەن بەوەی کە دایک و خوشک و کچ و هاوسەر و تەنانەت لە ڕابردودا کچانی گەڕەکیش هەموو شەرەف و پیاوەتی ئەون و هەر لەمنداڵیەوە ئەو کوڕە فێردەکرێت کە بەرپرسە لە پاراستنی جەستە و بەتایبەتی سێکسوالیتەی کچانی خێزان و بنەماڵەکەی و هەر لەو تەمەنەوە گڵۆپی سەوزی بۆ دادەگیرسێنرێت کە ببینین یان ببیستن یان تەنانەت گومان و دڵپیسی و قسە و باس و بوختان کردن لەسەر ئەخلاق و سێکس و جەستەی کچانی بنەماڵە ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی کوڕانی بنەماڵە بیان کوژن و حوکمی ناشتنیان بەدەستی خۆیان بۆ دەربکەن، کێشەکە هەر ئەوەندە نیە بەڵکو بە مەبەست زۆرجار کورە هەرزەکار و گەنجەکان ئەم پیرۆزی و باڵایەتی و شەرەفەیان پێدەسپێردرێت بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی یاسا هەیە تاوەکو تاوانبار بپارێزرێت و سزای سوکی بۆ دابنرێت لەبەر تەمەنە کەمەکەی.

لەلایەکی دیکە زانایانی سەر بە قوتابخانەی فێربونی کۆمەڵایەتی (العیسوی، ٢٠٠٤:١١٤) باس لەوە دەکەن کە تاوان و توندوتیژی ڕەفتارێکە منداڵ لە ڕێگەی چاودێری کردن و لاساییکردنەوەی گەورەکان فێری دەبێت بۆ نمونە کاتێک منداڵێکی کوڕ بەردەوام دایکی و خوشکەکەی لەلایەن باوکیەوە بە چاوێکی کەم تەماشا دەکرێن و سوکایەتیان پێدەکرێت و لێیان دەدرێت و ئازاردەدرێن ئەم ڕەفتارە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو منداڵە کوڕە وەری دەگرێت و دەبێتە بەشێک لە کەسێتی کە هەمیشە خۆی وەک لایەنە باڵا و بەهێز و پاڵەوانەکە دەبینێت کەمافی بێڕێزی کردن و ئازاردانی لایەنە کەمتر لەخۆیەکەی هەیە کە مێینەکان و لەکاتی دەرچونی هەر مێینەیەکی خێزانەکەی لە فەرمان و چاوەڕوانیەکانی ئەو بە مافی خۆی دەزانێت بڕیار لەسەر مان و نەمانی بدات و دواجاریش دەتوانێت تۆمەتی ئەخلاق و ناموس بداتە پاڵی و ئەو کات نەک سەرزەنشت ناکرێت بەڵکو ئەوەندەیتر بە چاوی پاڵەوان تەماشا دەکرێت و ڕێزی زیاتری بۆ دادەنرێت چونکە لەکلتوری نێرسالاری کوشتنی ژنێک لەسەر تاوانی بێشەرەفی یەکسانە بە لوتکەی باڵای پیاوەتی.

سێهەم/ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن لەمڕۆدا بە بینراوو و بیستراوو و خوێندراو و تەنانەت تەکنەلۆژیای نوێش ڕۆڵی باڵا دەگێڕن لە فێربونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای تاک و بەیەکێک لەکەناڵە گرنگەکانی دروستکردنی سیماکانی کەسێتی تاک دادەنرێت بەوپێیەی کە زۆربەی کاتەکانی ژیانی تاک داگیر دەکات، لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندن سودی زۆرە بەڵام لەهەمان کاتدا زەرەریشی هەیە لەسەر تاک و کۆمەڵگا، بەوپێیەی هۆکارێکی کاریگەرە لە بڵاوکردنەوەی بەها وپێوەر و چالاکی زیانبەخش کەدواجار دەبێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ بڵاوبونەوەی تاوان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەوانە ڕاگەیاندن بەگشتی و تەکنەلۆجیای نوێ بەتایبەت لەمڕۆدا بۆتە هۆکارێک بۆ نەهێشتنی سنور و تایبەتمەندی وڵاتەکان و زاڵکردنی کلتورێکی بیانی بەسەر کلتورە لۆکاڵیەکان بەوپێیەی ئەو تەکنەلۆجیایە داهێنراوێکی بیانیە و ئەو بەرنامانەش کە پەخشی دەکات بیانیە بەڵام گەیشتنی زۆر بە خێراییە کاتێکیش تاک کاتێکی زۆری لەگەڵ بەسەر دەبات بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکانی و مێشک و زەین و ناخ و دەرون و هەستەکانی داگیر دەکات و سەرئەنجام لە ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی دەبێت بەڵام بێگومان ئەوەی کاتی زۆری لەگەڵ بەسەر دەبات چینی گەنجە و ئەوەشی پێی سەرسام دەبێت بەهۆی کەمی زانیاری و ئەزمونی هەر هەمان چینە ئەوەشی کە ڕەفتارەکانی پێی دەگۆڕێت هەر هەمان چینە لێرەوە کێشەیەک سەرهەڵدەدات کە پێی دەوترێت ململانێی بەها جیاوازەکان لە نێوان نەوەکان و دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیە خێزانیەکان و کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا چەندین کێشە و گرفتی نوێ و سەردەمیانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، توێژەرێکی ئەمریکی بەناوی (دی سولابول) (هرزانی،٢٠٠٥:١٠٤) پێی وایە کە زۆرجار ئەم ململانێیە دەبێتە هۆی بەریەک کەوتنی نەوەکان واتە نەوەی تازە هەڵدەگەڕێنەوە لە بەها بۆماوەکان لە باو باپیرانەوە ئەو بەهایانەی بۆ سەردەمانێک پیرۆزکرابوو و موقەدەس بوو نەوەی نوێ لەڕێگەی ئەم هەڵگەڕانەوەیە هەوڵدەدات سەربەخۆیی و بوونی خۆی بسەلمێنێت و لە کۆت وبەند و زاڵبونی خێزان ڕزگاری بێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو کلتورە بیانیەی کە ڕاگەیاندن لەڕێگەی فیلم و دراماکان دەیهێنێت و تاک لاسایی دەکاتەوە وای لێدەکات دەبێتە کەسێکی نامۆ بۆ کۆمەڵگا کە نە ئەم تاکە نامۆ و گۆشەگیرە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵی و نە کۆمەڵگاش لێی تێئەگات، هەروەها دەبێتە کەسێکی بێبەرهەم و مشەخۆر لەسەر ئەوانی دی دەژی، لەلایەکی دیکە زاڵبونی تەکنەلۆجیایەکی بیانی دەبێتە هۆکار بۆ (داگیرکەری شارستانی) (الحسن، ١٩٩٨:١٦-١٧) کە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بریتیە لەوەی کاتێک کۆمەڵە کەسێک یان کۆمەڵگایەک یان شارستانیەتێک دەیەوێت کلتوری خۆی بەلایەنە مادی و واتاییەکانی و شێوازی ژیانکردنی زاڵ بکات بەسەر کۆمەڵە کەس و کۆمەڵگا و شارستانیەتێکی دیکەدا بەمەبەستی سڕینەوەی ژیان و ژیار و کلتوریان، وەک ئاماژەشـــمان پێکرد ئەوەی کاریگەر دەبێت بەم ڕاگەیاندنە نەوەی نوێیە کە گەنجەکانن و وایان لێدیت کە دابونەریت و بەها و پێوەرەکانی باوو باپیران لە بیر دەکەن و بەمەش تێکوپێک دەشـــکێن لە نێوان ڕابردوو و داهاتوو و دەبنە وەرگری ڕەفتارو هەڵســوکەوتێکی نامۆ بەکۆمەڵگا کەزۆرجار بەلای باوان و نەوەی کۆن قبوڵکراو نیە و وەک لادان لە پێوەرە باوەکان تەماشـا دەکرێت و هەموو ئەمانە پێکەو بە فاکتەرێکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بۆ ڕودانی کوشـتنی ژنان، بۆ نمونە کـاتێـک کچێکی گەنج لە درەنگـانێکی شـــەودا دەگەڕێتەوە بۆ مـاڵەوە یـان دەیەوێت بچێتە دەرەوە کـاتێـک لەگەڵ هـاوڕێکـانی بەسـەردەبات یان کاتێک هاوڕێیەتی کوران دەکات ئەم ڕەفتارانە ئەگەر چی گۆڕانکاریەکانی سـەردەم تاڕادەیەک ئاسـایی کردون ئەگەر ســـنورەکان تێیدا نەبەزێندرێت بەڵام ڕەنگە ئەم ڕەفتارە بەلای باوک و خاڵ ومام قبوڵکراو نەبێت و زۆرجاریش بۆتە هۆکاری کوشتنی کچێکی گەنج بە پاساوی دەرچون لە ڕێگەی باو.

چوارەم / هۆکاری دیکە:

بەگشتی کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هەن کە پێدەچێت ببنە پاساوێک بۆ کوشتن بە بیانوی شەرەف لەوانە : ناپاکی هاوسەرگیری کە زۆرجار هۆکارێکی ســـەرەکی کوشـــتنی ژنان بووە بەڵام لەم تاوانەدا ژن چەندجارێک قوربانیە کاتێک لەنێو خێزان تەنها ئامێرێکی منداڵ دروسـتکردن و چێژ بەخشـینە بە مێرد و هیچ ڕێز بۆ حەزەکانی دانانرێت لێرەدا ئەگەر سـۆز و خۆشـەویسـتی لەدەرەوە بەدەستهێنا دەبێتە کەسێکی ناپاک کە کوشتنی بە شـەرع و یاسا حەڵاڵ دەکرێت بێ ئەوەی هیچ لەگەڵ ئەو پیاوە بکرێت کە ناپاکیەکەی لەگەڵ کردووە، لەلایەکی دیکە زۆرجار ژن لە تۆڵەی ئەو ناپاکیەی هاوسـەرەکەی لێیدەکات پەنا بۆ هەمان ڕەفتار دەبات وەک پەرچەکردار و دواجار دەکوژرێت لەســـەری بەڵام جاریش هەیە ئەو ژنە هیچ ناپاکیەکی نەکردووە تەنها قوربانی دەستی دڵپیسی گومانی هاوسەرەکەی بووە و سەرئەنجام دەکوژرێت (سیوەیلی، ٢٠٢١: ٥٠-٥١).

ئاشـکرایە هەموو پەیماننامەکان جەخت لەسـەر ئەوە دەکەن کوشـتنی ژنان بە بیانوی شـەرەف پێشێلکاریەکی مافەکانی مرۆڤە بەرامبەر ئەو ژنە دەکرێت ڕاســـتە لە نێو خێزان و لەلایەن کەســـانی ناحکومی دەکرێت بەڵام دەکرێت حکومەت بەجۆرێک لە جۆرەکان هۆکار بێت بۆ ڕودانی بۆ نمونە کاتێک یاســـاکان نەرمی دەنوێنن لەبەرامبەر تاوانبار، یان کاتێک حکومەت ناتوانێت ڕوبەڕوی ئەو داب و نەریتانە ببێتەوە کە ئاســـانکاری بۆ ئەم تاوانە دەکەن (بەگیخانی و ئەوانی تر، ٢٠١١ :٤٣-٤٤)، کەواتە لەحاڵەتی نەبونی یاســـا بۆ ســـزادانی تاوانباری کوشـــتنی ژن بە بیانوی شـــەرەف یان بونی یاســـا و جێبەجێنەکردنی، یان چارەسـەرکردنی کێشـەکە بە سـوڵحی عەشـایەری ئەمانەش هۆکارن بۆ زیادبونی تاوانەکە لەنێو کۆمەڵگا بەتایبەت کە ئەم تاوانە جۆرێک لە قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی بۆی هەیە ئەگەر بەیاســـاش ڕێگری لێبکرێت بەڵام خەڵکە ئاســـاییەکە هانی تاوانباردەدەن و بەچاوی بەرز تەماشـای دەکەن کەئەمە دەبێتە پاداشـتێکی واتایی بۆ ئەو ڕەفتارە و، لەهەمانکاتدا چاوپۆشـی لێکردنیش هەیە بۆی کە زۆرجار لەلایەن خێزانی قوربانی دەکرێت لەترسی حەیا و ناموس چونیان ئامادەنابن لە دوای کوشتنی کچە لەسـەر شـەرەف کوژراوەکەیان سکاڵا لەسەر تۆمەتبار بکەن.

**ڕوومـاڵی میدیایی بۆ کـەیسـەکانی کوشتنی ژنـان**

ڕوومالّی میدیایی ئەو پرۆســـەیە کە لە ڕێگەوەیەوە زانیاری و وردەکاری لەســـەر پێشـــهاتەکان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوێک کۆ دەکاتەوەو پاشان دوای هەڵسەنگاندن و سازاندنی زانیارییەکان بە شێواز و فۆڕمێکی ڕۆژنامەوانی گونجاو بڵاو دەکرێتەوە، واتە ڕوومال ئەو پرۆسەیەیە وا لە ڕوداوەکان دەکات شایستەی بڵاوکردنەوە بن (الفلاحي، ٢٠١١،ص٤٧).

لەم سۆنگەیەوە ڕووماڵکردنی هەواڵی تاوانەکان بەشیوەیەکی گشتی بە تاوانی کوشتنەوە، یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە وریایی و وردبینی و ئاگاداری هەموو ئەو شتانە هەیە کە لە دەوریدا دەگوزەرێن، لە زۆرێک لە وڵاتاندا یاسای بنەڕەتی هەیە بۆ ڕووماڵکردنی تاوانەکان، چونکە ئەگەرچی هەواڵەکانی تاوان و کوشـــتن جێگەی ســـەرنجی جەماوەرە، بەڵام لەهەمان کاتدا گەر بە ورياييەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا دەبیتە مایەی تێکدان و شـێواندنی ڕەوتی ڕێکارە یاســاییەکان و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و تۆڵەســـەندنەوە زیاتردەکات، بۆیە دامەزراوە دیارەکانی میدیا ڕۆژنامەنووســـی تایبەتمەند و شـــیوازی بنکۆڵکاری وردو درشـــتیان هەیە، کە لە بواری ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی تاوان و کوشـــتن خاوەنی کارامەییەکی زۆرو دیدگایەکی قووڵن(الاغوات، ٢٠٢٠،ص٧١)، لەم ڕوانگەیەوە بەدرێژایی ڕەوتی کاری میدیایی چەند ئاڕاســـتەیەکی فیکری بۆ ڕووماڵی کەیسـەکانی کوشتن هاتونەتە ئارا، ئاڕاستەیەک پێی وایە ڕووماڵکردنی ئەو کەیسانە گرنگەو دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی تاوان و ترسـاندنی ئەوانەی بیر لەو تاوانە دەکەنەوە، ئاراسـتەیەکی دیکە بە پێچەوانەوە پێی وایە کاریگەریی زیانبەخش و مەترسـیدار لەسـەر کۆمەڵگە دروست دەکات و باشترە میدیا دووربکەوێتەوە لە ڕووماڵکردنی هەواڵی کوشتن و تاوان، ئاڕاستەی سێیەم لە نێو ئەو دوو ئاڕاستەیەدا گەشـەی کردووە، ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە جیاوازی گرنگ و سـەرەکی نێوان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی

ڕووماڵی هەواڵەکانی تاوان و کوشتن لە پراکتیکدایە، واتە گەر لەسەر بنەمایەکی پیشەیی ئەو ڕووماڵە بکرێت بەسوود دەشکێتەوە، ئەگەر نا کێشە بەدوای خۆیدا دروست دەکات، بۆیە ئەم ئاڕاستەیە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ڕەچاوکردنی بنەما ئێتیکیەکان ڕووماڵێکی دروست بۆ هەواڵەکانی تاوان بکرێت( الأزرق، ٢٠١٨، ص١-٢).

**بنەما پیشەییەکانی ڕووماڵی کەیسەکانی کوشتن:**

بەوپێیەی پەیامە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا ناتوانرێت بەری پێ بگیرێت و دەرفەت بۆ هەموان ڕەخساوە زانیاری و داتاکان بڵاو بکەنەوە، نێوەندە پیشەییەکانی بواری ڕاگەیاندن چەند ڕێنماییەکیان خستۆتە ڕوو کە پێویستە میدیاکاران وەک پرەنسیپ ڕەچاوی بکەن لەسەروو بەندی ڕووماڵکردنی کەیسەکانی تاوان و کوشتندا، لەوانە:

**١- بەوریایی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بەکەیسەکانی تاوان:** ئەگەر یەکێک لە بنەماکانی سەرکەوتنی ڕووماڵی ڕاگەیاندن ئەوە بێت بتوانێت وەڵامی شەش پرسیارە باوەکەی هەواڵ بداتەوە چی؟ لە کوێ؟ کەی؟ کێ؟ چۆن؟ بۆچی؟ (الفلاحي، ٢٠١١، ص٤٧)، ئەوا لە ڕووماڵی کەیسەکانی تاوان و کوشتندا دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بکرێت، بەو پێیەی میدیاکار لەو کاتەدا ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەر شانەو وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە لە ئەستۆی ئەو نەبێت و ڕەنگە کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی بەدوادا بێت، بەتایبەت لە کەیسەکانی کوشتندا هەندێ پرسیار پەیوەندییان بە زانیارییە سەرەتاییەکانەوە هەیە، وەک: چی؟، کەی؟، لە کوێ؟ ڕەنگە وەڵامیان ئاسایی بێت، بەڵام پرسیارە شرۆڤەکارییەکان کە تایبەتە بە بەدواداچوونی هۆکارەکان (غازی، ٢٠٢٢، ص ص ٣٠-٣١) کە پەیوەستە بە کرۆکی بەتاوانەکە، ناکرێت بڵاوبکرێتەوە تا دادگا بەڵگەکان یەکلایی نەکاتەوە.(الاغوات، ٢٠٢٠، ٧٨)

**٢- ڕەچاوکردنی وردبینی و بابەتیبوون لە کاتی گواستنەوەی زانیارییەکاندا:** بەو پێیەی زانیارییەکانی پەیوەست بە کەیسی تاوان و کوشتن زۆر هەستیارن و لێکەوتەی مەترسیدار بەجێ دەهێڵێت، پێویستە میدیاکاران پابەند بن بەوردبینی و بابەتیبوون، ئەمەش کاتێک دێتە دی کە میدیاکار پەلە نەکات لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە کەیسەکە تا دڵنیا نەبێت لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان، هەروەک دەبێت ڕاستی و بۆچوونەکان لەیەک جیا بکاتەوەو خۆی لە هەموو بەرژەوەندییەکی خودی بەدوور بگرێت (علم الدين، سالم، شرف،٢٠١١، ص ٤٠٤)

**٣- ڕێزگرتن لە قوربانیانی تاوان:** قوربانییەکانی تاوان کارەکتەری سەرەکین لە ڕووماڵکردنی کەیسەکانی تاواندا، پێویستە بە ڕێز و هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەتایبەت لەکەیسی کوشتندا کوژراو ئامادەگی نییە، بۆیە دەبێت میدیاکار تا دەتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لە بڵاوکردنەوەی ناوو وێنەی قوربانیەکان، بەهەمان شێوە دەبێت ئاگاداری بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە بێت کەوێنەی کوژراوەکە لە نێو کۆمەڵگەدا لەکەدار دەکات و ڕەوایەتی دەدات بەکوشتنەکەی، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ژیانی تایبەتی و خێزانی قوربانییەکانەوە هەیە و دەبێتە مایەی سووکایەتیکردن و ناشرینکردنی ناوناوبانگیان، لەم کاتەدا قوربانیانی تاوانەکان لە دوو لایەنەوە زیانیان بەردەکەوێت لە لایەک خودی تاوانەکە و لەلایەکی ترەوە ڕووماڵکردنی میدیاکاران، لە ڕووی یاساییشەوە ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن کە ڕەچاوی ئەو بنەمایە ناکەن دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە ماف و کەرامەتی مرۆڤ بە سەرەکیتین بنەمای بەرپرسیارێتی میدیاکار دادەنرێت (الموزاني، ٢٠٠٨، ص٧٤).

**٤- مامەڵەکردن لەگەڵ گومانلێکراوەکان (تۆمەتباران):** لەسەروبەندی هەر ڕووماڵێکی تایبەت بە کەیسەکانی تاوان و کوشتن دەبێت میدیاکار ئەو گریمانەیەی لەبیر بێت کە تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەسەردا دەسەلمێنرێت، واتە نابێت ڕۆڵی دادوەر یان پاریزەری بەرگری ببینێت، بەڵکو دەبێت پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکان بۆ دادگاکان بە جێبهێڵێت، هەروەک دەبێت تا ئەندازەیەکی زۆر ڕەچاوی بڵانەکردنەوەی وێنەو ناوی تۆمەتباران بکات، تەنانەت ئەوانەشی تاوانبارن بۆئەوەی لەدوای تەواوبوونی سزاکانیان بتوان ئاوێتەی نێو کۆمەڵگە ببنەوە (الاغوات، ٢٠٢٠، ص ٧٨)

**٥- بە دروستی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاری:** لە کاتی ڕووماڵکردنی کەیسەکانی تاوان و کوشتن، هەندێک لە میدیاکاران زانیاری پەیوەست بە کەیسەکە بڵاودەکەنەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوە فەرمییەکان بدەن کە زانیاری دروستیان لایە، زۆر جار سەرچاوەی ئەو زانیارییانە جێگەی متمانە نین وەک شایەتحاڵ و دراوسێ، یاخود لەو کەسانەوە وەردەگیرێت کە بەشێکن لە دۆزەکەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە، ڕەنگە پەنابردن بۆ ئەو سەرچاوانە مەبەستی لە پشتەوە نەبێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەندێک سەرچاوەی فەرمی ئامادە نین زانیاری بگوازنەوە، بەڵام لە دەرئەنجامدا ئەو سەرچاوانە زۆر جار زیادەڕەوی تیا بەدی دەکرێت و ڕەنگە ڕاستییەکان بشێوێنرێت و ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە تاوانەکە تێک بدات، بۆیە پێویستە میدیاکار وێڕای سەرچاوە فەرمییەکان بەدواداچوون بۆ چەند سەرچاوەیەک بکات تا ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکان ببێت و لە لێکدانەوە جیاوازەکانی ئەو شتانە تێبگات کە لە دەوروبەری دۆزەکە ڕوودەدەن، بەتایبەت لە

سەردەمی ئێستادا زۆری زانیاریە بەردەستبووەکان بۆ خۆی کێشەیەکە و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی شێواو(فرجاني، ٢٠١٦،ص ١٠٤)

٦- **خۆ بە دوور گرتن لە زیادەڕۆیی و وروژاندن:** بە گوێرەی ئەزموونەکانی کاری میدیایی زۆر جار شێوازی رووماڵکردنی هەواڵی تاوان دەبێت مایەی بڵاوبوونەوەی ترسی گشتی، بەتایبەت ئەو کاتەی ئەو میدیاکارانە دوور لە بەهاکانی کۆمەڵگە تەنها بۆ وروژاندن و کۆکردنەوەی وەرگران بەلای خۆیاندا، رەچاوی هەستی کۆمەڵگە ناکەن و زیادەڕەوی لە رووماڵی تاوانەکە دەکەن و زۆر خراپتر لەوەی کە هەیە پیشان دەدەن کە ئەمەش لەگەڵ ئەو بەهاو داب و نەریتانەی کۆمەڵگە ناگونجێت کە پێویستە میدیاکار رەچاویان بکات. (علم الدين، سالم، شرف،٢٠١١، ص ص ٤٠٤-٤٠٥).

**بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی (کردەیی) توێژینەوەکە:**

لەم بەشەدا شیکاریی بۆ ئەو فۆڕمانەی رووماڵ دەکرێت کە تایبەتن بە کەیسی کوشتنی (ئیمان سامی) و لە هەردوو دامەزراوەی میدیایی (NRT, Rudaw) بڵاو کراونەتەوە:

**هەنگاوە بەراییەکان:**

**ناساندنی کەیسەکەو ئەو دوو دامەزراوەیەی بەنموونە وەرگیراون:**

- **کەیسی ئیمان سامی مەغدید:** ناسراو بە ماریا، لە دایک بووی ساڵی ٢٠٠٢ە، شەوی یەکشەممە ٦-٣-٢٠٢٢ لە شەقامی ١٠٠ مەتری لە نزیک چوارڕێیانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر تەرمەکەی دۆزرایەوە، ئەم کەیسە دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەوپێیەی کوژراوەکە کارەکتەرێکی دیاری نێو سۆشیال میدیا بووە چ وەک کۆمێنتارێکی بوێرو جیاوازی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود وەک گۆڕانبێژوو پێشکەشکارێکی پێشووی بەرنامەکانی یەکێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئیسلامیەکان، کەیسەکە دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا گوایە لەسەر ئازادی و گۆڕینی ئاین و بانگەشەکردن بۆ هاوڕەگەزخوازی تیرۆرکراوە، جگە لەوەش باس لەوە دەکرا کێشەی خێزانی هەبووەو هەڕەشەی لەسەر بووە، دوای لێکۆڵینەوە، برایەکی کە تەمەنی ١٨ ساڵان بوو هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکەی گەڕاندەوە بۆ کێشەی خێزانی و لەبەردەم دادوەردا دانی بەوەدا نا کە تاوانەکەی بەتەنها ئەنجامداوە، دادگای تاوانەکانی هەولێر، بە تاوانی کوشتن، سزای 15 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

- **دامەزراوەی (Rudaw)** تۆڕی میدیایی رووداو: دامەزراوەیەکی میدیاییە، بەرهەمەکانی بەشێوەی نووسراو، بینراو و بیستراو بڵاودەکاتەوە، ناوەندی سەرەکیی ئەم تۆڕە میدیاییە لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە، نووسینگەی لە زۆر وڵاتی جیهان هەیە، بەرهەمەکانی بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی بڵاودەکاتەوەو لەلایەن کۆمپانیای رووداو بۆ کاری راگەیاندن پشتیوانی دەکرێت و خاوەندارێتی دەکرێت، لە مانگی نیسانی 2008 وەک ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی دەستی بەکارکردن کردوە، لە ساڵی 2013 وەک پۆرتاڵ و سۆشیاڵ میدیایەکی بەرفراوان خۆی نوێ کردەوەو بووە بەشێکی گرنگی تۆڕی میدیایی رووداو، بە زمانەکانی کوردی (کرمانجی سەروو و خواروو)، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی، هەروەها بۆ یەکەمین جار ئەپڵیکەیشنی رووداو بەو زمانانە بۆ سەر تەلەفۆنی مۆبایل و تابلێتەکان دروستکرا، بۆ یەکەمجار ئەپڵیکەیشنی سمارت تیڤی و کار پلەی دروستکرد لە کوردستان و عێراق (www.rudaw.net/sorani/about)، ئەگەرچی ئەم دامەزراوەیە خۆی وەک تۆڕێکی میدیایی سەربەخۆ دەناسێنێت، بەڵام هەروەک راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی پێ دەدات لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پشتگیری دەکرێت (عبدالرحمن، ٢٠٢٣،ل١١)

- **دامەزراوەی (NRT):** کورتکراوەی Nalia Radio & Television : واتە رادیۆو تەلەفزیۆنی نالیا، کۆمپانیایەکی تایبەتە بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەبازاڕکردنی میدیا، لە ساڵی ٢٠١٠ وەک کەناڵێکی هەواڵی ئاسمانی بە زمانی کوردی سۆرانی و بادینی دەستی بە پەخش کردوە، لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١، کەناڵەکە سووتێنرا، بەڵام دووبارە دروستکرایەوە. دواتر رادیۆیەک و چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی دیکە زیادکران بۆ گروپەکە، ئۆفیسی سەرەکی خۆی لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، لە ساڵی ٢٠١١ دیجیتاڵ میدیای NRT دامەزراوە بەشێکە لە کۆمپانیاکەو لە شەش ماڵپەڕ و سێ ئەپی مۆبایل پێک دێت (https://www.nrttv.com/About)، ئەگەرچی ئەم کۆمپانیایە خۆی وەک یەکەم تۆری میدیایی سەربەخۆ دەناسێنێت، بەڵام لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە پارەی بۆ دابینکراوە، کە شاسوار عەبدولواحد ئیبراهیم سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ خاوەنییەتی (راضی، فتح الله، امین،٢٠٢١، ص١٣٧)

- **ئامرازی شیکاری:** ئەو ئامرازەی لە شیکارییەکەدا بەکارهاتووە فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆکە، کە تێیدا ناوەڕۆکی هەواڵەکان دابەشکرابوون بەسەر یەکە و دەستەکاندا، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی پاشوەختە واتا فۆڕمێکی ئامادەکراو نەبوو بۆ شیکردنەوە، بۆیە بۆ دروستکردنی فۆڕمی شیکاری سەرەتا لەلایەن هەردوو توێژەرە تەماشای تەواوی ئەو فۆڕمانەی

رووماڵکردن کرا کە توێژینەوەکە وەک نموونە وەری گرتوون و دواتر یەکە و دەستەکانی دیاریکراون وەک ئەوەی لە شێوازی شیکاری ناوەڕۆکدا پێویستە پەیڕەو بکرێت، کە بەم شێوەیە بوو:

- **یەکەکانی شیکاری:** یەکە بەشێکە لە ناوەڕۆکەکە و کەوتۆتە ژێر ژماردن و شیکردنەوە، هەردوو توێژەر یەکەی بابەتی هەواڵەکەیان بەکارهێنا، بۆ ئەوەی بابەتی سەرەکی و بیرۆکە تایبەتەکان بزانن کە فۆرمەکانی رووماڵکردن بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، هەروەها یەکەی بڕگە بۆ بەئاگابوون لە ناوەرکی بڕگە هەواڵییەکان، بەو پێیەی هەربڕگەیەو هەڵگری مانایەکی تایبەت بەخۆیەتی و شیاوی شیتەڵکردن و شیکردنەوەیە، بەهەمان شێوە یەکەی کەسایەتی بەکارهاتووە بەمەبەستی زانینی ئەو کارەکتەرە سەرەکییانەی رووماڵی ئەو دوو دامەزراوەیە گرنگیان پێ داوە.

- **دەستەکانی شیکاری:** دەستەکان بەگوێرەی ئامرازی شیکاریی ناوەڕۆک بەسەر دوو بەشی سەرەکییدا دابەش دەکرێن، یەکەمیان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە (چی وتراوە؟) و تایبەتە بەخستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەڕۆکانەی شیکاریی دەکرێن، دووەمیان وەڵامی ئەوپرسیارە دەداتەوە (چۆن وتراوە؟) و تایبەتە بەخستنە ڕووی ئەوشێوازەی کە ناوەڕۆکەکەی تیادا خراوەتە ڕوو، واتە فۆرم یان ژانر، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە هەردوو جۆرەکە بەستووە

- **راستی فۆڕمی شیکاری :**ئەم توێژینەوەیە ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە، کە پیشاندانی فۆرمی شیکارییەکە بەچەند پسپۆڕێک و هەڵسەنگێنەرێک بەمەبەستی بەئاگابوون لەڕاستیی ئەو فۆرمەی بۆ شیکاریی کاری لەسەرکراوە، دوای پیشاندانی فۆرمەکە بەژمارەیەک پسپۆڕی ئەکادیمیی کە بریتیبوون لە: (١- پ.ی. د.رزگار مصطفی غفور، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کاری کۆمەڵایەتی. ٢-پ.ی. د. کوردستان عمر محمد، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کاری کۆمەڵایەتی. ٣- پ.ی. د.جوان جلال الدین محمد، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن) پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان، ئەنجامی ڕاستی بریتی بوو لە ٩٣،٩٣٪ کە بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت، دەستە و یەکەکان پەسەند کران.

**جێگیری فۆرمی شیکاری توێژینەوە:**

بە مەبەستی گەیشتن بە جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، دوای تێپەربوونی ماوەی یەک مانگ بەسەر مێژووی شیکاری یەکەمجاردا بۆ دەستە و یەکەکانی شیکاری، بۆ جاری دووەم سەرجەم دەستەکانی فۆرمی شیکاریی، بۆ سەرجەم نموونەکانی توێژینەوەکە شیکاری بۆ کرایەوە، بە پشتبەستن بە هاوکێشەی ئاماری هۆڵستی بۆ جێگیریی، لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕێژەی هاویەکی جێگیری دەکاتە (٠،٨٦٦) کە بەرێژەیەکی بەرز دادەنرێت و ئاماژەیە بۆ جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە.

**شێوازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:**

بۆ دڵنیابوون لەوردی ئەنجامەکان، توێژەران پشتیان بە شێوازی ئاماری کای سکوێر بەستووە، ئەمەش بۆ زانینی گوزارشتە ئامارییەکانی نێوان هەردوو دامەزراوەکە سەبارەت بەو دەستانەی کە هەردوو توێژەر دەستنیشانیان کردووەو بەراوردکردنی رووماڵەکانیان سەبارەت بە کەیسی کوشتنەکە، توێژینەوەکە پشتی بە بەهای خشتەیی (3.84) و پلەی ئازادی (1) بەستووە.

**ئەنجامی کۆتایی شیکردنەوە:**

**فۆرمەکانی رووماڵکردنی کەیسەکە :**

دوای وەرگرتنی ئەو (٢٠) فۆرمەی رووماڵکردن کە هەردوو دامەزراوەکە بۆ کەیسی کوشتنەکەیان کردووە، دەردەکەوێت (Rudaw) و (NRT) بە پلەی یەکەم گرنگیان بە فۆرمی هەواڵ داوە، بە دوای ئەودا بە فۆرمەکانی راپۆرت و چاو پێکەوتن، لە کاتی بەراوردکردنی بەهای دەستکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبووەکانی هەردوو دامەزراوەکەدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەواڵ لەلایەن هەردوو دامەزراوەکەوە دیارترین فۆرمی رووماڵی کەیسەکە بووە، بڕوانە خشتەی(١).

خشتەی (١) فۆرمەکانی رووماڵکردنی کەیسەکە لە (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / فۆرمەکانی رووماڵکردن | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| هەواڵ | ٨ | ٧٢.٧٣ | ١ | ٦ | ٦٦.٦٧ | ١ | ٠.٢٨٦ | نییە |
| راپۆرت | ٢ | ١٨.١٨ | ٢ | ١ | ١١.١١ | ٢ | ٠.٣٣٣ | نییە |
| کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی | ١ | ٩.٠٩ | ٣ | ١ | ١١.١١ | ٣ | - | نییە |
| چاوپێکەوتن | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١١.١١ | ٤ | ١.٠٠٠ | نییە |
| کۆ | ١١ | ١٠٠ | | ٩ | ١١ | | | |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ئاڕاستەکانی سازاندن:**

دوای وردبوونەوە لەو (٢٠) فۆڕمەی رووماڵکردن کە هەردوو دامەزراوەکە بۆ کەیسی کوشتنەکەیان کردووە، دەردەکەوێت هەردوو دامەزراوەی (Rudaw) و (NRT) بە پلەی یەکەم لە رووی ســـازاندنی ناوەڕۆکی رووماڵکردنەوەکەوە گرنگیان داوە بە بەدواداچوونی زانیارییەکان، بە پلەی دووەمیش ئاڕاســـتەی ســـازاندنیان تەنها خســـتنە رووی زانیارییەکان بووە بەتایبەتی لەڕێگەی وەرگرتنی بیروڕای کەسـانی پەیوەسـت بە کەیسـی کوشـتنەکە، لە کاتی بەراوردکردنی بەهای دەسـتکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبـارەبووەکـانی هەردوو دامەزراوەکەدا، هیچ جیاوازییەکی ئـاماری نـادۆزرێتەوە، ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە هەردوو دامەزراوەکە، وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ شێوازی سازاندن بۆ رووماڵی کەیسەکە کردووە، بڕوانە خشتەی(٢).

خشتەی (٢) ئاڕاستەکانی سازاندن لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / ئاڕاستەکانی سازاندن | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| بەدواداچوونی زانیارییەکان | ٦ | ٥٥.٥٤ | ١ | ٥ | ٦٩.٢٣ | ١ | ٠.٦٠٠ | نییە |
| تەنها خستنە ڕووی زانیارییەکان | ٥ | ٤٥.٤٥ | ٢ | ٤ | ٣٠.٧٧ | ٢ | ٠.١١١ | نییە |
| کۆ | ١١ | ١٠٠ | | ٩ | ١٠٠ | | | |

**بڵاوکردنەوەی وێنەو دەنگی کوژراوەکە:**

لە کۆی ئەو (٢٠) فۆڕمەی هەردوو دامەزراوەکە بۆ رووماڵی کەیســـی کوشـــتنەکە پەنـایـان بۆ بردووە، وێنەو دەنگی کوژراوەکە بەشـــێوەی جیاجیا بڵاو کراوەتەوە، (Rudaw) تەنها پەنای بۆ وێنەی فۆتۆگرافی کوژراوەکە بردووە، بڕوانە: **(20-09-2022:Rudaw)**، بەڵام (NRT) لەپاڵ وێنەی فۆتۆگرافیدا، ڤیدیۆ و دەنگی کوژراوەکەی بڵاوکردۆتەوە، بڕوانە**(NRT:7-2022)**، بەراوردکردنی بەهای دەســـتکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبووەکانی هەردوو دامەزراوەکەشـــدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، واتە هەردوو دامەزراوەکە، وەک یەک پەنایان بۆ وێنەو دەنگی قوربانییەکە بردووە، بڕوانە خشتەی (٣)

خشتەی (٣) بڵاوکردنەوەی وێنەی کوژراوەکە لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / جۆری وێنەی کوژراوەکە | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پ | % | ر | پ | % | ر | | |
| فۆتۆگرافی | ٨ | ١٠٠ | ١ | ٨ | ٨٠ | ١ | - | نییە |
| ڤیدیۆیی | ٠ | ٠ | - | ١ | ١٠ | ٢ | ١.٠٠٠ | نییە |
| وێنەی وەستاوو گۆرانییەکی قوربانیەکە | ٠ | ٠ | - | ١ | ١٠ | ٢ | ١.٠٠٠ | نییە |
| کۆ | ٨ | ١٠٠ | | | ١٠٠ | | | |

**تیشکۆسازی روداوەکانی کەیسەکە:**

لە کۆی ئەو ٢٠ فۆرمەی رووماڵکردن کە بۆ کەیســـەکە کراوە،Rudaw ٧٢ برگەی هەواڵی و NRT ٥٥ برگەی هەواڵی خسـتۆتە ڕوو، هەدوولا تیشـکۆسـازیيان بۆ کۆمەڵێک بابەتی پەیوەسـت بە کەیسـەکە کردووە، بەم بایەخ بەندییە، بە پلەی یەکەم هەردوو دامەزراوەکە تیشـکۆسـازییان بۆ کەسـایەتی و هەڵسـو کەوتی بکوژوو کوژراو کردووە، لەو بارەیەوە ئەم دوو برگە هەواڵییە بە نموونە دەهێنینەوە " دایکی ماریا لە پێش دادگە داوای کرد دادوەر بە دۆســـیەی ماریادا بچێتەوە و گوتی: "کوڕەکەم بکوژ نییە، کوڕەکەم مێشـــکی تێکچووە، ئەو منداڵە"(Rudaw:12-3-2022)، "ئێن ئـار تی لە رۆژی دوای رووداوەکە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ باوکی ماریا، چەندین زانیاری لەســـەر ماریا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ خێزانەکەی دەسـتکەوت" (NRT:20-9-2022)، بە پلەی دووەم هەردوو دامەزراوەکە تیشـکۆسـازییان بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دادگا کردووە لەو بـارەیەوە ئەم دوو برگە هەواڵییە وەک نموونە دەهێنینەوە لە Rudaw دا هاتووە" دووەمین دانیشـــتنی دادگە لەبارەی دۆسـیەی ماریا سـام بەڕێوەچوو" (Rudaw:12-3-2022)، لەســـەر هەمان بابەت NRT ئەم برگە هەواڵییەی بلاو کردۆتەوە " وتەبێژی پۆلیســی هەولێر بە ئێن ئار تی راگەیاند، بەتۆمەتی کوشـتنی ماریای ٢٠ سـاڵ، مامێکی دەسـتگیرکراوە و براکەی هەڵهاتووە و لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای براکەیدا بەردەوامە" لەپلەی سێیەمیشـدا هەردوو دامەزراوەکە گرنگیان داوە بە بابەتی دۆزینەوەی تەرمەکە لەو بارەیە ئەم دوو برگە هەواڵییە وەک نموونە دەخەینە روو: " شـەوی یەکشـەممە لە شـەقامی 100

مەتری لە نزیک چوارڕێیانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، تەرمی ئیمان ســـامی دۆزرایەوە" (Rudaw: 9-3-2022)، " ئیمان سامی مەغدیدی تەمەن ٢٠ ساڵ ناسراو بە ماریا، شەوی رابردوو تەرمەکەی بە کوژراوی لەسەر شەقامی ١٠٠ مەتری هەولێر دۆزرایەوە"(NRT:7-3-2022)، بە پلەی چوارەم هەردوو دامەزراوەکە تیشــکۆســازییان بۆ بابەتەکانی پەیوەســت بە دەســـتگیرکردنی تۆمەتبارو زیندانیکردنی کردووە لە بارەیەوە ئەم دوو برگە هەواڵییە وەک نموونە دەهێنینەوە لە Rudaw دا هاتووە: "هێزەکانی پارێزگای کەرکووک توانیویانە بکوژی ئیمان سامی لە کەرکووک دەستگیر بکەن"(Rudaw: 9-3-2022)، هەر ســـەبارەت بەو بابەتە NRT ئەم برگە هەواڵییەی بڵاو کردۆتەوە: " ئەو کەســـێ تۆهمەتبارە ب کوشـــتنا ماریایێ هاتە دەستەسەکرن" (NRT:9-3-2022) لە پلەی پێنجەم و کۆتایشدا هەردوو دامەزراوەکە زۆر بەکەمی تیشکۆسازییان بۆ بابەتەکانی پەیوەســـت بە ســـەرکۆنە کردنی تاوانەکە کردووە، لەم بارەیەوە ئەم دوو برگە هەواڵییە وەک نموونە دەهێنینەوە لە Rudaw دا هاتووە" کۆنسوڵخانەی ئەمریکا... راگەیێندراوەکەی دوێنێدا هاتووە، "دەبێت ئەوەی پێی دەگوترێت 'کوشتن لەسەر شەرەف' وەکو کوشـــتنەکانی بەمدواییانەی ئیمان 'ماریا'... لێکۆڵینەوە دەربارەیان ئەنجامبدرێت و وەڵامدانەوەیەکی یاســـایی بەدوادابێت و ئەنجامدەرانیان بەرپرسیاربکرێن"(Rudaw: 12-3-2022)، لەسەر هەمان بابەت NRT ئەم برگە هەواڵییەی بڵاو کردۆتەوە: " کوژرانی ماریا نارەزایەتی بەشـــێکی هاوڵاتیانی لێکەوتەوەو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نارەزایەتی خۆیان دەربریوە"(NRT:7-3-2022)، بەراوردکردنی بەهای دەســتکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبووەکانی هەردوو دامەزراوەکەشــدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، واتە هەردوو دامەزراوەکە وەک یەک کاریان کردووە، بڕوانە خشتەی (٤)

خشتەی (٤) تیشکۆسازی روداوەکانی کەیسەکە لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / ڕوداوەکان | Rudaw د | Rudaw % | Rudaw پ | NRT د | NRT % | NRT پ | کا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەسایەتی و هەڵسوکەوتی بکوژوو کوژراو | ٤٢ | ٣٣.٥٨ | ١ | ٢٩ | ٧٣.٥٢ | ١ | ٣٨.٢٠ | نییە |
| بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دادگا | ١٦ | ٢٢.٢٢ | ٢ | ١١ | ٠٠.٢٠ | ٢ | ٩٢.٠٦ | نییە |
| دۆزینەوەی تەرمی کوژراوەکە | ٨ | ١١.١١ | ٣ | ٩ | ٣٦.١٦ | ٣ | ٠٥.٠٩ | نییە |
| دەستگیرکردنی تۆمەتبارو زیندانیکردنی | ٥ | ٩٤.٦ | ٤ | ٤ | ٢٧.٧ | ٤ | ١١.٠١ | نییە |
| سەرکۆنە کردنی تاوانەکە | ١ | ٣٩.١ | ٥ | ٢ | ٦٤.٣ | ٥ | ٣٣.٠٣ | نییە |
| کۆ | ٧٢ | ١٠٠ | | ٥٥ | ١٠٠ | | | |

**شێوازی ئاماژەدان بە ناوی کوژراوەکە:**

لە کۆی ئەو ٢٠ فۆڕمەی هەردوو دامەزراوەکە بۆ رووماڵکردنی کەیســەکە پەنایان بۆ بردووە، (Rudaw) و (NRT)١٦٠ جار ناوی کوژراوەکەیان هێناوە، هەردووکیان بەڕێژەیەکی زۆرو بەرز راســـتەوخۆ ناوەکەیان وەک خۆی هێناوە، زۆر بە کەم بە ئاماژە ناویان بردووە، تەنانەت لە هەندێ لەو فۆرمانەدا لەیەک کاتدا بەڕاســتەوخۆو ناڕاســتەوخۆ ناوی هێنراوە، لە Rudaw لە ٨٦ جار و بەڕێژەی ٩٣.٤٦٪ ڕاســتەوخۆ ناوی کوژراوەکە هاتووە بۆ نموونە لە برگەیەکی هەواڵیدا هاتووە " کەیســی ئیمان سامی مەغدید، ناسراو بە ماریا سام " ( Rudaw:14-09-2022 )، لەبەرامبەردا تەنها ٦ جارو بە ڕێژەی ٦.٥٢٪ ناڕاستەوخۆ ئـاماژە بەناوەکەی دراوە بۆ نموونە لە برگەیەکی هەواڵیدا بەم شـــێوەیە ئـاماژەی بە کوژراوەکە کراوە" ئەو ژنەی لە هەولێر کوژرا" ( Rudaw:7-3-2022 ) وبەهەمان شـێوە NRT بە پلەی یەکەم و بەرێژەی ٩٢.٦٥٪ ڕاســتەوخۆ ناوی کوژراوەکەی هیناوە بۆنموونە لە برگەیەکی هەواڵیدا هاتووە " ئیمان ســـامی مەغدیدی تەمەن ٢٠ ســـاڵ ناســـراو بە ماریا" (NRT:20-9-2022)، بە پلەی دووەم و بەرێژەی ٧.٣٥٪ بە شێوەی ناڕاستەوخۆو بە ئاماژە ناوی کوژراوەکە براوە بۆ نموونە لە برگەیەکی هەواڵیدا ئـاوەهـا ئـامـاژەی پێ دراو" کوژرانی کچە نـاســـراوەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان لە هەولێر" (NRT:7-3-2022)، بەراوردکردنی بەهای دەســـتکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبووەکانی هەردوو دامەزراوەکەشـــدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، واتە هەردوو دامەزراوەکەوە وەک یەک کاریـان کردووە، ئەمەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی (العتال، ٢٠١٥) کە گەیشـــتۆتە ئەو ئەنجامەی رووماڵی رۆژنامەکانی ئوردن زۆر بەکەمی ڕاســـتەوخۆ ناوی ژنە کوژراوەکانیان هێناوە، رەنگە

پاساوی (Rudaw) و (NRT) ئەوە بوبێت کە کوژراوەکە کەسێکی ناسراو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی ئاکارییەوە باشترە بە کەمترین شێوەو تەنها لەکاتی پێویستدا ئاماژە بەناوی کوژراو بهێنرێت، بروانە خشتەی (٥)

خشتەی (٥) شێوازی ئاماژەدان بە ناوی کوژراوەکە لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / ناوهێنانی کوژراوەکە | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| ڕاستەوخۆ وەک خۆی | ٨٦ | ٤٨.٩٣ | ١ | ٦٣ | ٦٥.٩٢ | ١ | ٥٥٠.٣ | نییە |
| ناڕاستەوخۆ بەشیوەی ئاماژە | ٦ | ٦.٥٢ | ٢ | ٥ | ٧.٣٥ | ٢ | ٠٩١.٠ | نییە |
| کۆ | ٩٢ | ١٠٠ | | ٦٨ | ١٠٠ | | | |

**دیاریکردنی تاوانبارانی کەیسەکە:**

لە کۆی ئەو ٢٠ فۆڕمەی رووماڵکردنی کەیسەکە، لە **(Rudaw)** دا ٣٠ جار ئاماژە کراوە بە تاوانبارانی کەیسەکە، بە پلەی یەکەم برای کوژراوەکەی وەک تاوانبار ناسـاندووە، بۆ نموونە لە بڕگەیەکی هەواڵیدا هاتووە: " هێزەکانی پارێزگای کەرکوک توانیویانە بکوژی ئیمان سـامی لە کەرکوک دەسـتگیر بکەن و بکوژەکە برایەتی و ناوی ئەنجام سـامییە"( 2022-03-9: Rudaw) بە پلەی دووەمیش مامی کوژراوەکەی وەک تاوانبار ناساندووە لەو بارەیەوە لە برگەیەکی هەواڵیدا هاتووە: " "هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن براکەی ماریا ئەو تاوانەی نەکردووە، بەڵکو مامی بکوژەکەیە" ( Rudaw:14-09-2022 )، بەهەمان شـێوە **(NRT)** لە ئاماژەدان بە تۆمەتبارانی تاوانەکە بە پلەی یەکەم براکەی تاوانبار کردووە بۆ نموونە لە بڕگەیەکی هەواڵیدا هـاتووە :" لەو پەیوەنـدییە تەلەفۆنییەدا بـاوکی لە زاری خۆیەوە کوڕەکەی تۆمەتبـار کرد" ( NRT:20-9-2022 ) و بە پلەی دووەم مامی کوژراوەکەی تۆمەتبار کردووە، لەم بارەیەوە ئەم برگە هەواڵییە بەنموونە دەهێنینەوە"وتەبێژی پۆلیسـ هەولێر بە ئێن ئـاڕ تی راگەیـاند، بەتۆمەتی کوشـتنی ماریـا مـامێکی دەسـتگیرکراوە (NRT:9-3-2022)، بەراوردکردنی بەهـای دەستکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبووەکانی هەردوو دامەزراوەکەشدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، واتە هەردوو دامەزراوەکە وەک یەک کاریان لەسەر دیاریکردنی تاوانباران کردووە، بروانە خشەی (٦)

خشتەی (٦) دیاریکردنی تاوانبارانی کەیسەکە لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / دیاریکردنی تاوانبار | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| برای کوژراوەکە | ٢١ | ٠٠.٧٠ | ١ | ٢٥ | ٦٥.٨٠ | ١ | ٣٤٨.٠ | نییە |
| مامی کوژراوەکە | ٩ | ٠٠.٣٠ | ٢ | ٦ | ٣٥.١٩ | ٢ | ٦٠٠.٠ | نییە |
| کۆ | ٣٠ | ١٠٠ | | ٣١ | ١٠٠ | | | |

**ئاماژە دان بە ژیانی کوژراوەکە :**

لە کۆی ئەو ٢٠ فۆڕمەی رووماڵکردنی کەیسـەکە، (Rudaw ) لە ٢٦ برگەداو (NRT) لە ١٣ برگەدا ئاماژەیان بۆ ژیانی کوژراوەکە کردووە، بەتـایبەت هەردوو دامەزراوەکە زیـاتر جەختیـان لەوە کردۆتەوە کوژراوەکە دایـک و بـاوکی لەیەکـدی جیابونەتەوەو بە منداڵی هاوسـەرگیری کردووەو لە هاوژینەکەی جیا بۆتەوە، لەو بارەیەوە (Rudaw) بلاوی کردۆتەوە: "ئیمان لە دۆخێکی سـەختدا دەژیا، لە تەمەنی 12 سـاڵیدا بەزۆر بە شـوو درابوو" (Rudaw:7-3-2022)، هەر لەو بارەیەوە (NRT) بڵاویکردۆتەوە: "باوکی ماریا باسـی لەوەشـکرد، هەر بەوهۆیەوە چەند سـاڵێک لەمەوبەر بەشـوومان‌دا، بەڵام سـەرینەگرت و جیـابووەوە." (NRT:7-3-2022)، هەروەهـا بـابەتێکی دیکەی پەیوەسـت بە ژیـانی کوژراوەکە کە هەردوو دامەزراوەکە وروژاندوویانە ئەوەیە کوژراوەکە کێشـەی لەگەڵ کەس و کاری باوکیدا هەبووەو چەند جارێک ئازاریان داوە، لەو بـارەیەوە (Rudaw) لەیەکێک لە برگە هەواڵییەکانیدا لە زاری دایکی کوژراوەکەوە بڵاوی کردۆتەوە " مامەکانی دەیانبرد و لای ئەوان بوو و توندوتیژییان بەرامبەر دەکرد" (Rudaw:14-9-2022)، بەهەمان شـێوە (NRT) لە کاتی پەخشـکردنی کۆنفراسـ

رۆژنامەوانی دایكی كوژراوەكە جەختی لەســــەر هەمان بابەت كردۆتەوە كە مامەكانی ئازاریان داوە (NRT:14-9-2022)، جگەلەو بابەتانە هەردوو دامەزراوەكە ئاماژەیان بەوە داوە كە كوژراوەكە لە ژیانی خۆیدا بێ گوێدانە بەها كۆمەڵایەتیەكان ڤیدیۆی جیاوازی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاو كردۆتەوە بە تایبەت Rudaw زۆر جەختی لەم بابەتە كردۆتەوە بۆ نموونە لە برگەیەكی هەواڵی رووماڵی كەیسەكەدا هاتووە " زۆرجار بەهۆی قسەكان و ئەو رەخنانەی لە كولتووری كۆمەڵایەتی دەیگرت، تووشی رەخنە و هەڕەشە دەبوو" (Rudaw:7-3-2022)، هەرچی NRT یە تەنها یەك جار ئاماژەی بۆ ئەو بابەتە كردووەو لە برگەیەكی راپۆرتێكیدا هاتووە: " ژنە كوژراوەكە وەك كەســێكی دیاری نێو تۆڕەكۆمەڵایەتتیەكان ناسـراو بوو، لەو ڕێگەیەوە گرتەی جیـاوازی بڵاودەكردەوە" (NRTREPORT:7-3-2022)، یەكێكی دیكە لەو بـابەتـانەی دامەزراوەی Rudaw وروژانـدوویەتی ئەوەیە كوژراوەكە لایەنگری هـاوڕەگەز خوازی بووە بۆ نموونە لە برگەیەكی هەواڵیدا بڵاویـان كردۆتەوە: "لایەنگری كۆمەڵگەی پەلكەزێرینەكـان بووە و لە زۆربەی چـالاكییەكـانیـان بەشــــداریی كردووە"(Rudaw:9-3-2022)، بە هەمان شێوە NRT بابەتێكی دیكەی ژیانی كوژراوەكەی وروژاندووە كە كوژراوەكە حەزی لە بەكارهێنانی سەڵیب كردووە لەو بارەیە لە برگەیەكی هەواڵیدا لە زاری باوكییەوە بڵاویكردۆتەوە: "لە ژیانی ئاســـاییدا حەزی لە بەكارهێنانی مەدالیای ســــەڵیب هەبووە" (NRT:7-3-2022).

ئەوەی جێگەی ســــەرنجە بەراوردكردنی بەهای دەســــتكەوتوی (كا2) لە نێوان دووبارەبووەكانی هەردوو دامەزراوەكەدا، جیاوازییەكی ئاماری بەدی دەكرێت ئەویش ئەوەیە (Rudaw) زیاتر جەختی لەوە كردۆتەوە كە كوژراوەكە بێ گوێدانە بەها كۆمەڵایەتیەكان ڤیدیۆی جیاوازی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاو كردۆتەوە، هەروەها لایەنگری هاوڕەگەز خوازەكان بووە، بە وردبوونەوە لەو دووبارە بوانە دەبینین باســــكردنی هەندێ لەو بابەتانەی كە لە نێو كۆمەڵگەدا رەت دەكرێتەوەو وەك بەشـــێك لەژیانی كوژراوەكە پیشـــان دەدرێت رایەكی گشـــتی دەوروژێنێت لە دژی كوژراوەكە ئەمەش بە خاڵێكی نەرێنی دادەنرێت بۆ بنەما پیشـەییەكانی رووماڵكردنی كەیسـەكانی تاوان و كوشـتن، هەروەها ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (الازرق، 2018) كە پێی وایە یەكێك لە كەم وكورتییەكانی رووماڵكردن لە كەیســـەكانی تاوان لەلایەن رۆژنامە میســـرییەكانەوە چوونە نێو ژیانی تایبەتی قوربانییەكانە، بڕوانە خشتەی (٧)

خشتەی (٧) ئاماژە دان بە ژیانی كوژراوەكە لە رووماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / ژیانی كوژراوەكە | Rudaw | | | NRT | | | كا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| بێ گوێدانە بەها كۆمەڵایەتیەكان ڤیدیۆی جیاوازی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاو كردۆتەوە | ٩ | ٦٢.٣٤ | ١ | ١ | ٦٩.٧ | ٣ | ٤٠٠.٦ | هەیە |
| دایـك و بـاوكی لەیەكـدی جیـابونەتەوەو بە منـداڵی هاوسەرگیری كردووەو لە هاوژینەكەی جیا بۆتەوە | ٨ | ٧٧.٣٠ | ٢ | ٤ | ٧٧.٣٠ | ١ | ٣٣٣.١ | نییە |
| كێشەی لەگەڵ كەس و كاری باوكیدا هەبووەو چەند جارێك ئازاریان داوە | ٣ | ٥٤.١١ | ٤ | ٤ | ٧٧.٣٠ | ١ | ١٤٣.٠ | نییە |
| بەتەنها و لە دەرەوەی خێزانەكەی ژیاوە | ٢ | ٦٩.٧ | ٥ | ٢ | ٣٨.١٥ | ٢ | - | نییە |
| لایەنگری هاوڕەگەز خوازەكان بووە | ٤ | ٣٨.١٥ | ٣ | ٠ | - | | ٠٠٠.٤ | هەیە |
| حەزی لە بەكارهێنانی سەڵیب (خاچ) كردووە | ٠ | - | | ٢ | ٣٨.١٥ | ٢ | ٠٠٠.٢ | نییە |
| كۆ | ٢٦ | ١٠٠ | | ١٣ | ١٠٠ | | | |

**خستنە رووی هۆكارەكانی كوشتنەكە:**

لە كۆی ئەو ٢٠ فۆرمەی رووماڵكردن كە بۆ كەیســـەكە كراوە،Rudaw لە ١٥برگەی هەواڵی و NRT لە ١٤برگەی هەواڵیدا ئاماژەیان بۆ هۆكارەكانی كوشتنەكە كردوە، بە پلەی یەكەم هەردوو دامەزراوەكە هۆكارەكەیان گەڕاندۆتەوە بۆ كێشەی خێزانی، بۆ نموونە Rudaw لەزاری دایكی كوژراوەكەوە بڵاویكردۆتەوە " كچەكەی پێشـــتر چەند جارێك لەلایەن مامەكانییە تونـدووتیژی بەرامبەر كراوەو لێیـان داوە،(Rudaw.youtube:14-9-2022)، بەهەمـان شــێوە NRT لە زاری بـاوكی

کوژراوەکەوە بڵاوی کردۆتەوە " ماریا گرفتێکی وای نەبووە لەگەڵ هیچ کەسێکدا، تەنها ئەوە نەبێت لەگەڵ خێزانەکەیدا نەگونجاوە"(NRT:7-3-2022)، بە پلەی دووەمیش هەردوو دامەزراوەکە هۆکاری کوشتنەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ کۆمەڵگە بۆنموونە Rudaw لە برگەیەکی هەواڵیدا بڵاوی کردۆتەوە "ئیمان کەسێکی ئازاو چاونەترس بوو دەیویست دوای هەموو ئەو ناخۆشییانەی دیتبووی، ژیانێکی ئازادی بۆ خۆی هەبێت، بەڵام کولتوورو کۆمەڵگەکەی کوشتیان"(Rudaw:7-3-2022)، بەهەمان شێوە NRT لەزاری دایکی کوژراوەکەوە رێکخراوەکانی مافی ئافرەتان تاوانبار دەکات کە کچەکەیان لە خشتە بردووە (NRT:5-3-2022)، بەراوردکردنی بەهای دەستکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبووەکانی هەردوو دامەزراوەکەدا، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، واتە هەردوو دامەزراوەکەوە وەک یەک کاریان لەسەر خستنەرووی هۆکارەکانی کوشتنەکە کردووە، بڕوانە خشتەی (٨)

خشتەی (٨) خستنە رووی هۆکارەکانی کوشتنەکە لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / هۆکاری کوشتنەکە | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| خێزانی | ٩ | ٦٠.٠٠ | ١ | ١٠ | ٤٣.٧١ | ١ | ٠٥٣.٠ | نییە |
| کۆمەڵگەیی | ٦ | ٤٠.٠٠ | ٢ | ٤ | ٥٧.٢٨ | ٢ | ٤٠٠.٠ | نییە |
| کۆ | ١٥ | ١٠٠ | | ١٤ | ١٠٠ | | | |

**سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر کەیسەکە:**

لە کۆی ئەو ٢٠ فۆرمەی هەردوو دامەزراوەکە بۆ رووماڵکردنی کەیسەکە پەنایان بۆ بردووە، (Rudaw) و (NRT) بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان چوار جۆر سەرچاوەیان بەکار هێناوە بە پلەی یەکەم Rudaw زۆرترین زانیاری لە پارێزەری کەیسەکەوە وەرگرتووە لە نموونەی ئەو برگە هەواڵییانەی پارێزەری کەیسەکە بۆتە سەرچاوە : "پارێزەری دۆسیەی ئیمان سامی کە بە ماریا سام ناسرابوو بە رووداوی راگەیاند، لە دادگە براکەی وەکو تاوانباری کوشتنی ماریا ناسێندراو بە 15 ساڵ زیندانیکردن سزادرا" (Rudaw. Facebook: 20-9-2022)، لە بەرامبەردا دامەزراوەی NRT بە پلەی سێیەم و تەنها ٤ جار پارێزەری کەیسەکەی وەک سەرچاوە بەکارهێناوە لەوانە لە یەکێک لە برگە هەواڵییەکاندا هاتووە: " هەرێم رەفعەت، پارێزەرێ ئیمان سامی تایبەت بۆ ئێن ئاڕ تی ڕاگەهاند، مامێ ماریا هاتە ئازادکرن و برایێ وێ ژی سزایێ ١٥ ساڵێن زیندایکرنێ بەسەر دا هاتە سەپاندن" (NRT:20-9-2022)، لە پلەی دووەمدا هەردوو دامەزراوەکە سەرچاوە فەرمییەکانیان بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە کەیسەکە لەو بارەیەوە ئەم دوو برگە هەواڵییە بە نموونە دەهێنینەوە : " گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند،" لەسەر ئەم دۆسیەیە مامی ئیمان دەستگیرکراوەو لێکۆڵینەوەکان بەردەوامە" (Rudaw:7-3-2022)، " وتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە ئێن ئاڕ تی راگەیاند، بەتۆمەتی کوشتنی ماریای ٢٠ ساڵ، مامێکی دەستگیرکراوە، لە ئێستاشدا لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای برایەکیدا بەردەوامە"(NRT:7-3-2022)، هەر سەبارەت بەسەرچاوەکانی زانیاری هەردوو دامەزراوەکە پەنایان بۆ کەس و کاری کوژراوەکە بردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان سەبارە بە کەیسەکە بەڵام زیاتر NRT هەوڵی داوە وەک سەرچاوە بەکاریان بهێنێت و لە پلەی یەکەمی سەرچاوەکانیان دێت بۆ رووماڵکردنی کەیسی کوشتنەکە ئەم برگە هەواڵییەش وەک نموونە دەهێنینەوە: " دایکی ماریا نامەکانی نێوان خۆی و کچەکەی لە تیک تۆک بڵاوکردووەتەوە کە چەند رۆژێک پێش کوژرانی کچەکەی قسەی لەگەڵدا کردووە " (NRT2:30-5-2022)، لە دامەزراوەی Rudaw پشت بەستن بە کەس و کاری کوژراوەکە وەک سەرچاوەی هەواڵ لە پلەی سێیەمدایە، لەنموونەی ئەو برگە هەواڵییانەی کەس وکاری کوژراوەکە کراوەتە سەرچاوە: "دایکی ئیمان سامی وتی لەگەڵ ئەوەی کچەکەم لەدەستدا، کوڕەکەیشم بووەتە قوربانی "(Rudaw.youtube:14-9-2022)، لە پلەی چوارەم و کۆتایشدا هەردوو دامەزراوەکە هاوڕێیانی کوژراو چالاکوانان وەک سەرچاوەی هەواڵ وەرگرتووە، لەو بارەیەوە لە برگەیەکی هەواڵی Rudaw دا هاتووە: " توانا مەعرووف، هاوڕێیەکی ئیمان بە رووداوی راگەیاند، "ئیمان لە دۆخێکی سەختدا دەژیا (Rudaw:7-3-2022)، بەهەمان شێوە NRT بلاویکردۆتەوە: "هاوڕێیەکی نەیویست لەبەردەم کامێرادا دەربکەوێت بۆ NRT باسی لەوە کرد کە پێشتر ئیمان سامی کە بە ماریا ناسراوە پێی گوتوون هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە "(NRTREPORT:7-3-2022). بەراوردکردنی بەهای دەستکەوتوی (کا2) لە نێوان دووبارەبوەکانی هەردوو دامەزراوەکە، هیچ جیاوازییەکی ئاماری نادۆزرێتەوە، واتە هەردوو دامەزراوەکە هاوشێوەی یەک پەنایان بۆ جۆری سەرچاوەکانی هەواڵ بردووە لە رووماڵکردنی کەیسی کوشتنەکەدا، بڕوانە خشەی (٩)

خشتەی (٩) سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر کەیسەکە لە روماڵی (Rudaw) و (NRT)

| دامەزراوە / سەرچاوەکان | Rudaw | | | NRT | | | کا2 | ئاماژەدار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | پ | د | % | پ | | |
| پارێزەری کەیسەکە | ١١ | ٤٨.٣٥ | ١ | ٤ | ٨١.١٤ | ٣ | ٢٦٧.٣ | نییە |
| سەرچاوەی فەرمی | ١٠ | ٢٦.٣٢ | ٢ | ١١ | ٧٤.٤٠ | ٢ | ٠٤٨.٠ | نییە |
| کەس و کاری کوژراوەکە | ٦ | ٣٥.١٩ | ٣ | ١٠ | ٠٤.٣٧ | ١ | ٠٠٠.٢ | نییە |
| هاوڕێیانی کوژراو چالاکوانان | ٤ | ٩١.١٢ | ٤ | ٢ | ٤١.٧ | ٤ | ٦٦٧.٠ | نییە |
| کۆ | ٣١ | ١٠٠ | | ٢٧ | ١٠٠ | | | |

**دەرئەنجام:**

١- هەردوو دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) زیاد لە فۆڕمێکیان بە کارهێناوە بۆ رووماڵکردنی کەیسی کوشتنی (ئیمان سامی)، لە نێو ئەو فۆرمانەشدا زیاتر هەوڵ دراوە بە دواداچوون بۆ زانیارییەکان بکرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەردوو دامەزراوەکە بە گرنگییەوە لە کەیسەکەیان روانیوەوە هەولیان داوە زۆرترین زانیاری لە بارەوە کۆ بکەنەوە.

٢- هەردوو دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) بە ئاستێکی بەرز و راستەوخۆ ئاماژەیان بەناوی کوژراو داوە وێنەی جۆراوجۆریان بڵاوکرۆتەوە، رەنگە پاساویان ئەوە بووبێت کوژراوەکە کەسێکی بەناوبانگ بووەو ناکرێت ناو و وێنەکانی بڵاو نەکرینەوە، بەڵام لە هەموو دۆخێکدا زیادەڕۆیی کردن لە ناوهێنانی قوربانی و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی بەشێوەیەکی زەق لە رووماڵی کەیسەکانی تاوان و کوشتندا، بەکەلێنێکی ئیتیکی و لادان لە پێوەرە پیشەییەکان دادەنرێت.

٣- هەردوو دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) لە سەروو بەندی رووماڵی کەیسی کوشتنەکەدا بەپلەی یەکەم هەوڵیان داوە رۆپچنە نێو ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی کوژراو بکوژەکە جا بەشێوەی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەردوو دامەزراوەکە کاریان کردووە بۆ وروژاندنی ژیانی بکوژو کوژراوو وەک سەرچاوەی سەرەکی کێشەکە بیخەنە روو.

٤- هەردوو دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) لەسەرەتای رووماڵکردنی کەیسی تاوانەکەوە، لەپاڵ براکەیدا چەند جارێک مامی کوژراوەکەشیان وەک تاوانبار ناساند، هەندی جاریش پۆلیس سەرچاوەی ئەو زانیارییە بوو، بەڵام دواتر دادگا بەبێ هیچ سزایەک مامی کوژراوەکەی ئازاد کردوو تەواوی تاوانەکەیان خستە ئەستۆی براکەی، ئەمەش مانای ئەوەیە یا ئەو دوو دامەزراوەیە وردبین نەبوون لە دیاری کردنی تاوانباردا، یاخود دادگا چاوپۆشی لە یەکێک لەتاوانبارەکان کردووە، لە هەردوو بارەکەدا دەبوایە ئەو دوو دامەزراوەیە وردتر مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسە بکردایە و بەدواداچوونی زیاتریان بۆ بکردایە.

٥- هەردوو دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) بە ئاستێکی زۆر ئاماژەیان بۆ ژیانی تایبەتی و خێزانی کوژراوەکە کردووە، بەتایبەت (Rudaw) هەندی بابەتی وروژاند لەوانە گوایە کوژراوەکە دوور لە بەها کۆمەڵایەتییەکان ڤیدیۆی جیاوازی بڵاوکردۆتەوەو لایەنگری هاورەگەزخوازی و کۆمەڵگەی پەلکەزێرینە بووە، ئەمانە لە نیوکۆمەڵگەکانی هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردی دەبێتە مایەی دروستبوونی وێنەیەکی نەرێنی بۆ کوژراوەکە، بۆیە بەکەلێنێکی ئیتیکی و پابەند نەبەبوون بە پێوەرە پیشەییەکان دادەنریت و رەنگە وابکات رەوایەتی بە تاوانی کوشتنەکە بدات.

٦ - هەردوو دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) چەند جارێک ئاماژەیان داوە بۆ ئەو هۆکارانەی بونەتە مایەی کوشتنەکە، ئەگەرچی هەردوو دامەزراوە میدیاییەکە بە پلەی یەکەم گەڕاندوویانەتەوە بۆ هۆکاری خێزانی، بەڵام چەند جارێک ئاماژەیان بەوەشداوە هۆکاری کۆمەڵگەیی لە پشت ئەو تاوانەوە هەبووە، بەتایبەت NRT لە زاری دایکی کوژراوەکەوە رێکخراوەکانی ژنان و چالاکوانێکی ژنان بەناو تاوانبار دەکات کە گوایە پێشتر ڕەوشتی کچەکەیان تێک داوەو بوونەتە هۆکاری کوشتنەکەی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دامەزراوەیە وردبین نەبوون و دەبوایە ئەو ناوانەیان لابردایە.

٧- ئەگەرچی دامەزراوەی میدیایی (Rudaw) و (NRT) سەرچاوە فەرمییەکانیان بەکارهێناوە بۆ رووماڵی کەیسی کوشتنەکە، بەڵام لەهەمان کاتدا چەندین سەرچاوەی تریان بەکار هێناوە کە بەسەرچاوەی لاواز دادەنرێن لە رووماڵی کەیسەکانی تاوان و کوشتندا بەتایبەت ئەو سەرچاوانەی بەشێکن لە پرسەکەو خەسڵەتی بابەتیبوونیان تێدا بەدی ناکرێت، ئەمەش بە کەلێنیکی دیکەی پیشەیی دادەنرێت.

پێشنیاز



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١- پێویستە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، تیمێکی تایبەتی میدیاکارانیان هەبێت کە ڕاهێنرا بن لەسەر شێوازی دروستی ڕووماڵکردنی کەیسی کوشتن و تاوان و بنکۆڵکاری بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە تاوانەکە، بە جۆرێک بنەمای پیشەیی بکەنە پێوەری کارکردنیان و خۆ بەدوور بگرن لەهەموو کەلێنیکی ئیتیکی.

٢- لەسەروو بەندی هەر ڕووماڵێکی تایبەت بە کەیسەکانی کوشتن و تاوان پیوستە دامەزراوە میدیاییەکان بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی لە بەرچاو بگرن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەموو ئەو ڕووماڵانەی کیشە و ئاژاوە لە نێو کۆمەڵگە دروست دەکات.

٣- پێویستە لەکاتی ڕووماڵی کەیسەکانی تاوان و کوشتن دامەزراوە میدیاییەکان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ قوربانی و تاوانبار بکەن و نەبنە مایەی تێکدانی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دادگا، یاخوود بەخشینی ڕەوایەتی بە تاوانی کوشتن لە ڕێگەی ناشرینکردنی ناووناوبانگی کوژراوو ڕۆچوونە نیو ژیانی تایبەتی کوژراوەوە.

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی**

- (ئەلحیدری،٢٠١٨)، ئیبراهیم، سۆسیۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر، وەرگێرانی: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم.

- (بەگیخانی و ئەوانی تر،٢٠١١)، نەزەند، شەرەف ( تاوان – چەمک – توندوتیژی بەرامبەر ژنان)، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم.

- (سیوەیلی،٢٠٢١)،لوقمان، توندوتیژی و کوشتن بە بیانوی شەرەف لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت، سلێمانی، چاپی یەکەم.

-( عەبدوڵڵا،٢٠٠٨)، کنێر، کوشتنی ژنان لە ئاماری میدیاکانەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم.

- (مەرزانی،٢٠٠٩)، هیمداد مەجید عەلی، کوشتن بە بیانوی ناموس، وەرگێرانی: حەسەن عبدولکەریم، نامەی دکتورا، چاپخانەی ڕوون، هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم.

**بەزمانی عەرەبی:**

- (أبو نصر، ٢٠٠٩)،مدحت محمد، ظاهرة العنف في المجتمع، دار العالمين للنشر و التوزيع، شارع ملك فيصل – الهرم، ط١.

- (الحسن،١٩٩٨)، احسان محمد، تأثير الغزو الثقافي على سلوك الشباب العربي، أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض.ط١.

- ( الحسن، ٢٠٠١)،احسان محمد، علم الاجرام (دراسة تحليلية في التفسير الأجتماعي للجريمة)، مطبعة الحضارة، بغداد، ط١.

- (الحسن،٢٠٠٨)، احسان محمد، علم اجتماع العنف و الأرهاب ( دراسة تحليلية في الأرهاب و العنف السياسي و الأجتماعي) دار الوائل للنشر، الأردن – عمان، ط١.

- (الداود،٢٠٠١)، ابراهيم داود، العنف الطلابي سلوك عدواني تغذية الأعلام و المدرسة، مجلة النبأ، العدد ٢٣، السنة الرابعة

- (الرشيدي،٢٠١١)، محمەد، العنف في جرائم الأنترنيت، دار المصرية اللبنانية، القاهرة، ط١.

- (السيد، ٢٠٢٠)، نهي محمد أحمد، أليات بناء الهيمنة الذكورية وعوامل استبعادها: دراسة مقارنة بين الريف والحضر في ضوء رؤية كونيل، مجلة البحث العلمي في الاداب / مجلة علمية محكمة، جامعة عين الشمس، كلية البنات، العدد 12، الجزء الثامن.

- ( القرالة،٢٠١٥)، أ.د. أحمد ياسين، القتل بدافع الشرف أسبابه و علاجه، جمعة أل البيت، الأردن
کاتی سەردان ٢٠٢٢/٧/٢٧ كات ١٠:١٠ http:// respository.najah.edu PM

- (الاغوات، ٢٠٢٠)، فتحي سالم، التغطية الاعلامية للجرائم و دورها في الحد من الجريمة، عمان، دار الدجلة للنشر والتوزيع.

- (طالب، ١٩٩٧) حسن، علم الأجرام (الجريمة – العقوبة – المؤسسات الأصلاحية)، دار الفنون للطباعة و النشر، بيروت – لبنان، ط١.

- (العيسوي، ٢٠٠٤)،عبد الرحمن محمد، دوافع الجريمة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت – لبنان، ط١.

- (عباس،٢٠١١)، منال محمد، العنف الأسري (رؤية سوسيولوجية)، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ط١.
- (غازى، ٢٠٢٢)، خالد محمد، التحرير الصحفى و توظيف تكنولوجيا االتصال، الجيزة جمهورية مصر العربية، دار الكتب المصرية.
- (فرجاني، ٢٠١٦)،علي، مهارات المراسل التلفزيوين وفن صناعة "التقارير الاخبارية، عمان، دار أمجد للنشر والتوزيع.
- (كجم، ٢٠٠٢)، محمد صبحى، أصول علم الأجرام و العقاب،دار العلمية الدولية للنشر و دار الثقافة للنشر، عمان، ط١.
- (المطيران،٢٠١٧)، محمد فارس، جرائم الشرف ( القتل بدافع الغيرة على العرض) / دراسة فقهية مقارنة بقانون الجزاء الكويتي، مجلة كلية الدراسات الأسلامية، العدد الرابع و الثلاثون.
- (نجم، ٢٠٠٢) محمد صبحى، أصول علم الأجرام و العقاب، دار العلمية الدولية للنشر و دار الثقافة للنشر، عمان، ط١.
- (هرزاني،٢٠٠٥) نورى ياسين، الأعلام و الجريمة، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ط١.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

- **(Arash , Teymoori, Trappes, 2021)** Heydar , Ali, Rose, Honor Killing As A Dark Side Of Modernity ; Prevalence , Common Discourse And Critical View , Journals. Sagepud.com/home/ssi, Social Science Information.

- **(Jeyasanthi, Mayeleswari, Abirami ,2014)** V., S. i and R., FEBRUARY, Honor Killing: A National Outcry, Research Centre in English, VHNSN College (Autonomous), Virudhunaga, COLLEGE SADHANA - Journal for Bloomers of Research, Vol. 6, No.

**نامەو تێزە زانكۆییەكان**

**بەزمانی كوردی**

- (عبدالرحمن، ٢٠٢٣) كاوە عزالدين، لێكەوتەی ژینگەی میدیایی لەسەر پێوەرە پیشەییەكان رۆژنامەنووسان لە كەناڵە تەلەفزیۆنە كوردییەكاندا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی**

- (العتال،٢٠١٥) ولاء هيثم عبدالكريم، تغطية الصحافة الأردنية للجرائم التي تتعرض لها المرأة في الأردن (دراسة تحليلية لصحيفتي (الرأي و الغد) لعام ٢٠١٣) رسالة ماجستير غير منشورة في الصحافة و الأعلام، كلية الأعلام – جامعة البتراء، عمان، الأردن
- (الفلاحي، 2011) صهيب محمود علي، التغطية الإخبارية لموقعي الجزيرة و ال BBC العربية لمعركتي الفلوجة عام 2004 : دراسة تحليلية، اطروحة دكتوراه غير منشورة، الاردن، جامعة الشرق الأوسط، كلية الاعلام.
- (كباجة، ٢٠١٦) عبد الهادي وليد، جريمة القتل بدافع الشرف في القانون الفلسطيني (دراسة تحليلية مقارنة)، الجامعة الأسلامية – غزة، رسالة الماجستير غير منشورة في القانون العام بكلية الشريعة و القانون
- عبد الرزاق،٢٠١٠)، نوال طارق ابراهيم، الشرف اساس تمييز ضد المرأة ( دراسة وفق المادة ٤٠٩ في القانون العقوبات العراقي )، كلية الأدارة و الأقتصاد، جامعة بغداد، بغداد.

**توێژینەوە زانستییەكان بە زمانی عەرەبی**

- ( الأزرق، ٢٠١٨) نرمين نبيل، اتجاهات الجمهور إزاء تغطية الجريمة في الصحافة المصرية، المجلة العلمية لبحوث الصحافة، لمجلد 2018، العدد 13.
- (الحديد و المجالي،٢٠٢٢)، هديل خالد، قبلان عبدالقادر، العوامل المؤدية لجرائم قتل النساء من وجهة نظر القضاة والمحامين في المجتمع األردني، المجلة العلمية للنشر العلمي، العدد ثالث وأربعون.
- (راضى، فتح الله، امين،٢٠٢١) أ.د. فاضل راضي، أ.م.د. ابراهيم سعيد، جيا ياسين،اثارة السلوكيات السلبية الاجتماعية في البرامج الحوارية لقناة NRT الفضائية دراسة تحليلية، مجلة الباحث الاعلامي، العدد 54.
- (السيد،٢٠٢٠)، نهي محمد أحمد، أليات بناء الهيمنة الذكورية وعوامل استبعادها: دراسة مقارنة بين الريف والحضر في ضوء رؤية كونيل، مجلة البحث العلمي في الاداب، مجلة علمية محكمة، جامعة عين الشمس، كلية البنات، العدد 12، الجزء الثامن.
- (صقر، 2015) ماجد، القتل لاسباب، عائلية القتل على خلفية شرف العائلة، ورقة بحثية قدمت الى المؤتمر الدولي لجامعة النجاح الوطنية، حالات القتل في المجتمع الاسباب والعلاج من منظور إسالمي واجتماعي وقانونية.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- (علم الدين، سـالم، شـرف،٢٠١١) محمود، دعاء فتحي، ايناس منصـور كامل، أطر معالجة الجرائم والحوادث في صـحيفة أخبار الحوادث، دراسة تحليلية، مجلة بحوث التربية النوعية، جامعة المنصورة، عدد خاص.
- (الموزاني، ٢٠٠٨) جعفر كاظم جبر، جعفر كاظم جبر، نحو نظام قانوني لمسـؤولية الصـحفي المدنية عن عرض صـور ضحايا الجريمة، مجلة مركز دراسات الكوفة، العدد السابع.

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

ویكیپیدیا : كاتی سەردان كردن (٢٠٢٢/١٠/٢٠) كاتژمێر ١٠:٤٠ PM

(Rudaw: 20-09-2022) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0703202214

(Rudaw. Facebook: 20-9-2022) https://www.facebook.com/Rudaw.net/photos/a.363946753701134/5955682991194121/

(Rudaw:14-09-2022) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1409202220

(Rudaw: 9-03-2022) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0903202218

(Rudaw:7-3-2022) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0703202214

(Rudaw:12-3-2022) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1203202215

(Rudaw:9-3-2022) https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0903202218

(Rudaw:youtube:14-9-2022) https://www.youtube.com/watch?v=DDq1I1geZls

(NRT:7-03-2022) https://nrttv.com/detail/8639

(NRTREPORT:7-3-2022) https://www.facebook.com/watch/?v=3087506864803863

(NRT:5-3-2022) https://www.facebook.com/watch/?v=5992604677513661

(NRT2:30-5-2022) https://www.nrttv.com/nrt2/detail2/6630

(NRT: 20-09-2022) https://www.facebook.com/watch/?v=3087506864803863

(NRT:9-3-2022): https://www.nrttv.com/Ba/detail5/5055?fbclid=IwAR17Z5cL5uGrNC7REJMveJIVf_zyyM24d6kLq3hHt3c8zmxUTBvZLlPi5tc

(NRT:14-09-2022) https://www.facebook.com/watch/?v=1012668132745229